## د. خورشید رواندزی:

# ئێستاشی لەگەڵ دابێت هاوسەرگیری لەچوارچێوەی بنەماڵەو عەشیرەتدا دەرنەچووە

(د. خورشید شەوکەت سەففار) ناسراو بە ( د. خورشید رواندزی) ناوێکی ئاشناو دیاری نێو گۆڕەپانی سیاسی و ئەکادیمی کوردستانەو دەمێکی دوورە لەهەندەران دەژی، دکتۆراکەی لەبواری یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تەواو کردووە، ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کادیرێکی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە سەرەتاکانی دروستبوونیداو دواتریش لەگەڵ هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕشی ئەیلولدا بۆتە پێشمەرگە، بەڵام خۆی وتەنی (پێشمەرگەیەکی ئەفەندی)بووە، کە ئەو دەم ژمارەیەکی کەمی خوێندەوار لەریزی شۆڕشدا بوونەو پێیان گوتوون ئەفەندی..ئەو لەبواری پەروەردەشدا ماوەیەکی درێژ مامۆستاو دواتر بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە، دوای راپەڕینیش رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، بەتایبەتی لەساتەوەختی کۆڕەودا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیان دامەزراندووەو لە پەیوەندی و تەماسی راستەخۆدا بووە لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی تورك بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارە و پەنابەرانی کورد بۆ ئەو ولاتە، هاوکات لەگەڵ سەرکردایەتی هێزی ئەنجەرلیك و نوێنەری وەزارەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا لەو ولاتە دەربارەی کێشەی کورد کۆبۆتەوە، یەکێکیش بووە لە داڕێژەرانی پرۆژەی یاسای فیدڕالی پەرلەمانی کوردستان و لەزانکۆکانی عێراق و کوردستان و دەرەوەش مامۆستا بووە، هاوکات لە دەرەوەش هەڵسوڕاوێکی دیاری کاری سیاسی و جەماوەری بووە، سەروەختێکیش سکرتێری پارتی پارێزگاران بوو، ئێستاش لەولاتی نەمسا دەژییێت و سەرقاڵی نووسینەوە و چاپکردنی یاداشت و بیرەوەرییەکانییەتی، لە دەرفەتێکدا کە بەسەردان گەڕابووەوە کوردستان، ئەو دیدارەمان لەگەڵیدا سازکردو بەیەکەوە پیاسەیەکمان بەناو کووچە و کۆڵانەکانی تەمەن و وێستەگەکانی ژیانیدا کرد.

**کۆوار**

***ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ رابردوو، سەرەتای یادەوەریەکانت لە رواندز لە چ قۆناغێکدا بوو، ژیانی منداڵیت لەم شارەدا چۆن بوو؟**

– ئێمە لەرواندزدا لە ەڕەکێك، کە دەکەوێتە خوار گەردەگەرد، شوێنێك کە پێی دەڵێن (تەلان) دەژیاین. بەهاوینانیش دەچووین بۆ گوندی ئاکۆیان، چونکە دایکم خۆی خەڵکی ئەو گوندە بوو، هەرچەندە باوکم بۆ خۆی کوڕی عومەر ئاغایە، کە خەڵکی دیاربەکرەو کوڕی ئەحمەد ئاغای دیاربەکرە. باوکم لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانییەکان دەکەوێتە رواندز و لەوێدا ژن دەهێنێ و نیشتەجێ دەبێت.

ئێمە لە گوندی ئاکۆیان باخچەمان هەبوو، کە بەهاوینان دەچووین بۆ ناو ئەو باخچانە، وەبیرمە رۆژێکیان لەرێگای چوونمان بۆ گوندی ئاکۆیان، لەرێگای سپیلك لە گوێ درێژ



کەوتم و سەرم شکا، ئەمە سەرەتای یادەوەریی و هەستکردنم بوو بەژیان.

لەراستیدا ژیانی منداڵی من، هاوشێوەی هەموو منداڵانی ناوچەکە لەخێزانێکدا بوو، کە پێکهاتبوو لە (10) منداڵ. من منداڵێکی سەرکێش و شەیتان بووم، بەردەوام رێگام لەمنداڵانی گەڕەك دەگرت و لێم دەدان، باوکم ویستی ئەو کێشەیە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بۆیە منی ناردە قوتابخانە. من لەتەمەنی 8 ساڵیداو لەساڵی 1946 دا چوومەتە قوتابخانە. سەرەتا لەقوتابخانەی برایم ئاغای حاجی حوسێن ئاغا لە رواندز خوێندم، تاکو پۆلی سێیەمم تەواوکرد، پاشان گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی پاشای گەورە، لە خوێندندا قوتابییەکی زیرەك بووم و زۆر ئارەزووی خوێندنم دەکرد، بۆیە لەهیچ قۆناغێکدا گرفتم نەبوو، تاکو ناوەندیم تەواوکرد، دوایی لەخانەی مامۆستایان لە باقوبە وەرگیرام و لە ساڵی 1959 لەگوندی ئاکۆیان بووم بە بەڕێوەبەری قوتابخانە.

***تەمەنی گەنجێتی خۆت چۆن دەبینی، ئایا لەو تەمەنەتدا خۆشەویستیت کردووە؟**

– لە تەمەنی گەنجیەتیمدا، لەگەڕەکی خۆماندا من گەنجێکی قۆزو بەرچاوبووم، بۆیە پەیوەندیم باش بوو لەگەڵ کچانی گەڕەك. هەرچەندە بەبۆنەی داب و نەریت و کولتوری کۆمەڵگا، نەماندەتوانی هاوشێوەی کچان و کوڕانی ئێستا، گفتوگۆو هاتوچۆو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچان بکەین. پەیوەندیەکەمان تەنها بریتی بوو لەتەماشاکردن و چاوچاوانێ و لە دوورەوە حەزمان لەیەکتری دەکرد.

وەبیرمە زۆرجار کچان بە ئاوریشم و گوڵ، شتی جوانیان لەسەر بەرگی بالیف و دەستەسڕ دروست دەکرد و بەرێگای کچێکی خزممان بۆیان دەناردم، من حەزم دەکرد لەرێگای



ساڵی یەکەمی زانکۆ.. ئەڵمانیا

خۆشەویستیەوە ژن بهێنم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی لەم ڕێگایەوە ژن بهێنم.

***لە چ ساڵێکدا ژنت هێنا، دەکرێت باسی ئەزموونی ژنهێنانی خۆتمان بۆ بکەی؟**

– لە 1964 ڕوومکردە وڵاتی ئەڵمانیا، دوای ساڵێك ژیانم لەوێدا، لەیەکێك لە ئاهەنگەکان، کە منیش تیایدا ئامادەبووم، کچێکم ناسی کە ئەوکات تەمەنی 17 ساڵان بوو. هەر لەم ئاهەنگەدا سەمامان کردو یەکترمان ناسیو دوایی داوای هاوسەرگیریم لێکردو ئەویش ڕەزامەندی خۆی پیشاندا. دوای ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا ناسیاوێتیم پەیداکرد، پڕۆژەی هاوسەرگیریم لەگەڵ کچەکەیاندا خستەڕوو. هەرچەندە لەسەرەتادا باوکی ڕازی نەبوو، چونکە پێی وابوو کچەکەی لەگەڵ خۆمدا دەهێنمەوە بۆ کوردستان، بەڵام دوایی ڕەزامەندی خۆی پیشان داو ڕازی بوو، ئەو کچە بووە خێزانم.

لەگەڵ ئەو ژنەمدا، نزیکەی دە ساڵ بەیەکەوە ژیاینو دوو منداڵمان بوو بەناوی (مێلاقو چالاك)، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کە من دەمەویست بگەڕێمەوە بۆ کوردستانو ئەویش نەیدەتوانی لەگەڵمدا بێتە کوردستان، پاش ئەوەی هەردوو لامان ڕازی بووین لەیەکتری جودابووینەوە.

***دوای لێك جیابوونەوەت لەگەڵ ئەو ژنە ئەڵمانییە، چارەنووسی منداڵەکانت چییان بەسەرهاتو پەیوەندیت لەگەڵیان بەردەوام بوو یاخود پچڕا؟**

– نزیکەی 10 ساڵ لەگەڵ ئەو ژنە بەیەکەوە ژیاین، بەڵام ئەوە 31 ساڵە لەیەکتری جودابووینەتەوە، کەچی پەیوەندیمان هەر ماوە، بە تایبەتی لەگەڵ منداڵەکانم. پەیوەندیم لەگەڵ منداڵەکان زۆرباشە، ئێستا ئەوان هەریەکەیان خەریکی ژیانی خۆیەتی، بەڵام کەمتر هاتوچۆو پەیوەندیم لەگەڵ دایکیان هەیە، چونکە ژنی دووەمم کە خەڵکی ڕواندزە زۆری پێ ناخۆش دەبوو، بەڵام ئەو واتا ژنە ئەڵمانییەکەم زۆر منی خۆش دەویستو تاکو ئێستاش مێردی نەکردۆتەوەو منداڵەکانیشی لەژێر ناوی منن.

***چۆنە لە وڵاتی ئەڵمانیاو لەگەڵ ژنێکی ئەڵمانی ناوی کوردیت بۆ منداڵەکانت هەڵبژارد؟**

– یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکانی بوونی نەتەوە، بریتییە لەبوونی هەستی نەتەوەییو هاوکاری نەتەوەیی، واتا پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ بوونو ئازار و پێداویستەکانی تاکەکانی ترو کۆمەڵگای خۆیدا بژیێت، بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی تەواو بێتە بوون. منیش لەسەر هەمان بنەماو هەستی نەتەوەیم ناوی کوردیم بۆ منداڵەکان دانا. بیرمە لەساڵی 1966 کچێکمان بوو، لەوێ دوای ئیعتراف کردنم بەباوکایەتی کچەکەم، داوای ناوی کوردیم کرد بۆ کچەکەم، هەرچەندە ئەمە مافێکی تایبەتە بەدایك، واتا دایك خۆی سەرپشکە لەناونانی منداڵەکانیو جۆری ناوەکان. لەسەرەتادا ڕووبەڕووی ناڕەزایی زۆر بوومەوە لەلایەن خانەوادەی ژنەکەم، بەڵام من ڕازی نەبووم بەناوی بیانیو هەر داوای ناوی کوردیم دەکرد.

باشترین پشتگیریش بۆ ڕای من بریتیی بوو لە بیرۆکەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان. پێم گوتن من بۆ خوێندن هاتوومەتە ئەڵمانیا، هەر کە خوێندنم تەواوکرد دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، بۆیە ناکرێت منداڵەکانم بەناوێك ناوبنرێن، کە لەگەڵ کولتورو دابو نەریتی کۆمەڵگاکەمو ناوە باوەکانی وڵاتەکەم نەگونجێن، بۆیە ئەوانیش ڕازی بوون.

***ژنی کورد چۆن دەبینی؟**

– لەڕاستیدا ژن لەکوردستاندا بوونێکی گەورەی هەیە، چونکە لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەکانی وڵاتەکەیدا دەژێت. ژنی کورد بەقەد خوێنی شەهیدان فرمێسکی ڕشتووە، بۆیە پێویستە بەهای ئەم فرمێسکانە هەمان بەهای خوێنی شەهیدانیان بۆ دابنرێت، چونکە ڕەگەزی مێ لەکوردستاندا هەم وەکو دایك، هەم وەکو هاوسەرو خوشكو کچ بەردەوام لەگەڵ پیاو دایەو کەمتر کێشەی هەیە، بەپێچەوانەی ژنی بیانی کە پێداویستی زۆری هەیەو گرفتی بەردەوامی لەگەڵت دا دەبێت.

پێویستە جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچ نەکرێت، پێویستە هەردووکیان وەکو یەکتر بواری خوێندنو کارکردنیان هەبێت. هەردووکیان ئازادبنو ڕێگایان پێبدرێت بۆ خۆیان هاوسەرگیری بکەنو هاوسەری



نەورۆزی ساڵی 1967 لەگەڵ قوتابیانی زانکۆی بەغدا

ژیانیان هەڵبژێرن، نەهێڵدرێت چیتر ژن بەبێ حورمەتو کەمتر لەپیاو تەماشا بکرێت.

***ئایا لە دەرەوەی وڵاتدا بەردەوامیت لە کاری مامۆستایی و وانە گوتنەوە لە زانکۆدا، یاخود بەشێوەیەکی تر کار دەکەی؟**

– لە راستیدا لەبەرئەوەی تەمەنی من لە رووی یاساییەوە ناگونجێت لەگەڵ ئەو تەمەنەی، کە پێویستە مامۆستا لەزانکۆدا هەیبێت، بۆیە نەمتوانی لە دەرەوە بەردەوام بم لەوانە گوتنەوە لەزانکۆ، هەرچەندە لە رووی توانای زانستی و بڕوانامە هیچ گرفتێکم نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی نارەسمی، بۆ قوتابیانو مامۆستایانو کەسایەتی و خەڵکی تر بە بەردەوامی محازەراتو سمیناری زۆرم هەبووە.

واتا دەکرێت بڵێم لەدەرەوە بەشێوازێکی تری جیاواز لەمامۆستایی کارم کردووە، بەتایبەت کە ئێستا لە ناوەندەکانی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی وڵاتی سویسراو ناوەندەکانی تر، لەبارەی کێشەو پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بیروڕاو تێڕوانینم وەردەگیرێتو گرنگیم پێدەدرێت، بەتایبەت لە بواری ناساندنی کێشەو دۆزی گەلەکەم هەوڵی زۆرم داوە.

هەر لە زووەوە لەساڵانی حەفتاکان لەچوارچێوەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد، کە ئەوکاتە کاریگەر بوو، هەوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری زۆرمان داوە، لە شێوەی گفتوگۆو مەراسیمو خۆپیشاندان بۆ ناساندنی کێشەی گەلەکەمان. لە حەفتاکانداو لەوڵاتی ئەڵمانیا، کە بووم بەوەرگێڕی زمان، لەسەر ئاستێکی بەرز وەرگێڕانم دەکرد بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانو ئەندام پەرلەمانو وەزیرەکان، ئەوکات هەوڵێکی زۆرم دەداو باسی وڵاتو گەلی کوردستانم بۆ دەکردنو زانیاریم دەدانێ سەبارەت بە کوردو کێشەکەی.

ئەم هەوڵانەم بەشێوەی جۆراوجۆر تاکو ئێستاش هەر بەردەوامن. دوای ئەوە لە کوردستان لەساڵانی نەوەدەکانو دوای رزگاری کوردستان، کە من ئەوکات یاریدەدەری راگری کۆلێژی یاسا بووم لە زانکۆی سەلاحەددین، یەکێك بووم لەوانەی هەڵساین بەدروستکردنی رێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان، جگە لەوەی بەشدار بووم لەنووسینو دانانی یاسای پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992.

***لە کوردستاندا هەستی نەتەوایەتی چۆن دەبینی و چۆن ئەزموونی کوردی هەڵدەسەنگێنن؟**

– من پێم وایە لە کوردستاندا هەستی نەتەوایەتی بەپێی پێویست نییە، تاکو ئێستاش نەتەوەی کوردیی، بەشێوە زانستیەکەی دروست نەبووە، چونکە ئەگەر سەیر بکەین تاکو ئێستا بنەماڵەو قەبیلەو عەشیرەت بوونێکی گەروەتریان هەیە لەلای تاکی کورد، نەك نەتەوە.

ئێستاشی لەگەڵ دابێت لە کوردستاندا، هاوسەرگیری وەك یەکێك لەبنەماکانی دروستکردنی پەیوەندی خزمایەتی و پتەوکردنی بنەما نەتەوەییەکان، لە چوارچێوەی بنەماڵەو عەشیرەتدا دەرنەچووە، کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ئینتمایەکی زیاترو گەورەتر لەلای تاکی کورد بۆ بنەماڵەو عەشیرەت هەبێت نەك بۆ نەتەوە. بۆیە پێویستە کاربکرێت بۆ نەمانەوەی ئەم بارەو نەهێڵرێت خۆشەویستی بنەماڵەو عەشیرەتگەری گەورەتربێت لەهەستی نەتەوەیی، کە بەداخەوە ئەمە لەکاتی ئێستا بوونی هەیە، بۆیە هەستی نەتەوەیی لە قەیراندایە.

لەلایەکی تر ئەگەر سەیری ئەزموونی کوردستان بکەین، دەبینین بەدەستی چەندین کێشەو گرفت دەناڵێنێت، کە ئەمەش هەمدیسان هۆکارێکی تری کزی هەستی نەتەوەیین، چونکە دەبینرێت کە بەرپرسانو ئیدارەی کوردی نەیانتوانیوە لەئاست


لەلای چەپ د.خورشید.. سەردەمی پێشمەرگایەتی لەسنووری ئاخجەلەر

# پەشیمانم کە رۆژێك لەرۆژان لەگەڵ پارتی پارێزگاران کارم کردووە



بەرژەوەندیو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگادابن. لەکوردستاندا بەشێوەیەکی یەکسان دەرامەتو سەرچاوەکان دابەش ناکرێت بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاو دادپەروەری تیادا نییە. هەر ئەمەشە وای کردووە لاوانمان بۆ وڵاتانی تر کۆچ بکەن.
نەوەی نویٚ خاوەنی کۆمەڵێك پێداویستی تایبەت بەخۆیەتی، کە پێویستە بۆی فەراهەم بکرێت، یاخود هەر نەبێت یارمەتی بدرێت بۆ گەیشتن بەپڕکردنەوەی ئەم پێداویستیانە، بەلاٚم کە ناتوانن ئەم پێداویستیانە دابین بکەن، ئەوا بێگومان بیر لەشتی ترو ڕێگەچارەی تر دەکەنەوە، بۆ نموونە نەوەی نویٚ کە ناتوانێت بەئارەزووی خۆیو بە ئازادیو سەربەخۆیی بڕیار بداتو هاوسەرگیری بکات، نەوەی نویٚ کە لە بەرامبەر 20 ساڵ خوێندنو دوای دەرچوونی لە زانکۆ بڕە مووچەیەك وەردەگرێت، کە بەشی پێداویستی رۆژانەی ناکات، نەوەی نویٚ کە نەتوانێت سەفەربکاتو خانوو بنیات بنێت، بێگومان ئەو کات بیر لەکردەی کۆچ دەکاتەوە وەکو چارەسەرێك بۆ ئەم دۆخە.
پێویستە سەروەتو سامانی ئەم وڵاتە بۆ هەموو ئەندامانی کوردستان بەیەکسانیو دادپەروەری دابەش بکرێتو کەس خۆی بە خاوەنی هەموو یاخود بەشی زۆری سەروەتی وڵات نەزانیٚو هەموو کەسێکیش لەبەردەم یاسادا وەکو یەك بێتو سزاو پاداشت بۆ هەموو هاوڵاتییەك وەکو یەك بێت، من لێرەدا رەخنەو گلەییەکی زۆرم هەیە لە سەرکردایەتی کورد، کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە چاکسازییەکی جدیو پراکتیکی لە کوردستاندا ئەنجامبدات.

***تۆ وەکو کەسێکی ئەکادیمیو نەتەوەیی، چۆن توانیت لەگەڵ پارتی پارێزگارانی کوردستان کاربکەی، کە پارتێکی خێڵەکیو ناوچەرگەرییە، چی تۆی بەم پارتە بەستەوە؟**

– بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە بە پێویستی دەزانم لەسەرتای دروست بوونی پارتی پارێزگارانتان ئاگاداربکەمەوە، دوای رزگارکردنی کوردستان، ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانان دەیانویست کوردستان جێبێڵن، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ دوو پارتە سەرەکییەکە دروست دەکرد، بۆیە داوایان لە سەرۆك عەشیرەتەکان کرد، کە ئەوکات خاوەنی توانایەکی ماددیو سەربازیی گەورە بوون، بچن بۆ لای ئەمریکاو هاوپەیمانان داوای مانەوەیان لێبکەن. لایەنی ئەمریکیو بەتایبەت کۆڵۆنێل (ناب) ئەمانی دیتبوو، پێیانی سەرسام ببوو و پێی وابوو ئەوان هێزی سێیەمن، یاخود تەنها دوو پارتی سەرەکی بوونیان نییە، بۆیە داوا لەسەرەك عەشیرەتەکان ئەکات پارتێك دروست بکەن، کە لەمەدا عومەر سورچی توانی پارتێك دروست بکات بەناوی پارتی پارێزگارانی کوردستان.
لەسەرەتای دروستبوونی ئەم پارتە، راستەوخۆ داواکرام کە هاوکاریان بکەم، هەرچەندە من لەسەرەتادا رازی نەبووم، بەلاٚم دوای کۆمەڵێك کۆبوونەوەو ئیتفاق، بووم بە سکرتێری گشتیو جێگری سەرۆکی پارتی پارێزگاران.
رازیبوونم بۆ کارکردن لەنێو ئەم پارتەدا، دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونم، کە چەند مەبەستێکی تایبەتم هەبوو، من دەمەویست لەم رێگایەوە وێنەی خراپی جاشو سەرەك جاشەکان لەڕێگای کاری باش بگۆڕم بۆ وێنایەکی ترو عەقڵی بنەماڵەو ناوچەگەریش بگۆڕم بۆ عەقڵی نەتەوەو هەستی نیشتمان پەروەری، سەرەڕای ئەوەی دەمەویست ئەو پارەو سەرمایەی لەناوچەکەو لەدەست پارتەکەدا کۆببووبووەوە، لەچەند پڕۆژەیەکی گرنگ بەکاری بهێنین، بە تایبەت کە ئەوکات گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەخراپیدا بوو، جگە لەوەی کە نەمدەویست بڕۆمە نێو دوو پارتە سەرەکیەکەی تر، ئەوان ململانێیان لە نێواندا هەبوو، من دەمەویست لەو ململانێیە دووربم. بەلاٚم بەهۆی عەقڵی بنەماڵەییو دواکەوتوویيو نەخوێندەواری، لەلایەن ئەم پارتەو سەرکردایەتیەکەی، روبەڕووی چەندین کێشە بوومەوەو نەمانتوانی پارتی سێیەم لەکوردستان دروست بکەینو ئەو کەلێنەی لەئەنجامی ململانێی پارتەکانی تر دروست ببوو پڕبکەینەوە، بۆیە لەکارکردن لەنێو ئەم پارتەدا وازم هێنا، ئێستاش پەشیمانم کە رۆژێك لەرۆژان لەگەڵ ئەوجۆرە عەقڵیەتە لەنێو پارتی پارێزگاران کارم کردووە.

**تشرینی یەکەم**
**2006**

# مێیینە لەنێو ترس لەدایك بووەو فرچكیشی پێ گرتووە



**یاسین برایم**

**مێیینە**، ئەو رەگەزەی هەموومانی ناوەتەوە، کەچی رق و كینەی هەموو دونیامان لێیەتی، باوكە ئادەم تا نەچووە باوەشی مێیینە ئاسوودە نەبوو، ئەگەر ئەو نەبوایە مرۆڤیش بوونی نەدەبوو، واتا بێ ئەو مەحاڵ بوو ژیان و بەردەوام بوون، لەهەمان كاتدا شان بەشانی رەگەزی بەرامبەر، بەشداری هەموو ئیش و كارێكی كردووە، بووەتە چەترێك بۆ خۆشەویستی و ئاسوودەیی و حەسانەوەی پیاو. دەبینین لەهەمبەر گەورەیی ئەودا زۆربەی نەتەوەو كۆمەڵگاكانی كۆن تا دەگاتە ئەمڕۆی دونیای تەكنەلۆژیا، بەردەوام ئەم رەگەزە بەلاوازو نەزان و سەرچاوەی شەڕو ئاژاوەگێڕییان داناوە. بەچاوێكی سووك سەیری ئەو رەگەزەیان كردووە، ئەمەش بۆتە داب و نەریت و كولتورێكی نەگۆڕ، كە ترسیان لەمێیینە هەبێت و هەمیشە لەسەنگەری دژایەتی دابن و بیكەنە كۆیلەی دەستی پیاو.

وەك دیارە لەداب و نەریتی كۆمەڵ و نەتەوەكان و هەندێك لەخێڵ و بنەماڵەو مرۆڤە نەزان و دڕندەكانی سەر گۆی زەوی، ئەوەندە مامەڵەی چەوت و پیس بووە، مێژووی مرۆڤایەتی شەرمەزارو ناشیرین كردووە. ئەمەش لەكۆمەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی تر، جۆرو مامەڵەكردنی جیاوازی هەبووە. لەسەردەمی جاهیلەت و تاریكیدا، كچانیان زیندەبەچاڵ دەكرد، یان تەنها لەبەرئەوەی مێیینەن دەیانكوشتن، بەدەستی خۆیان كۆرپەلە چاوگەشەكانی خۆیان بەدڕندەترین شێوە لەناو دەبرد!

لەهەموو شەڕو كوشتارو هێرش و پەلاماردان دا، هەر ئەم رەگەزە زیاتر تووشی ماڵوێرانی و بێ كەسی و ئاوارەیی بووە. سەرپەرشتی ماڵ و بەخێوكردنی منداڵیش لەئەستۆی ئەو بووە، زۆر جاریش تووشی پەلاماردان و توندوتیژی و دەستدرێژی سێكسی بووە، كەسایەتییان ناشیرین و لەكەدار كردووە.

ئێمە ئەم مێژووە رەش و پڕ تاوان و ستەم و زوڵمە بەجێ دێڵین.. خۆمان لەباوەشی سەدەی نوێی (زانست و تەكنەلۆژیا) نزیكدەكەینەوە، لێرەش چەند پرسیارێك رووبەڕوومان دەبێتەوە. ئایا لەگەڵ پێشكەوتن و گۆڕانكارییەكانی دونیا، چەوساندنەوەی ئەم رەگەزە بەردەوامی نییە؟ ئایا هەمان مامەڵەو هەڵسوكەوتی جارانی لەگەڵ ناكرێت؟ ئایا كۆمەڵگای مرۆڤایەتی توانیویەتی چارەسەری ئەم كێشانە بكات و رووبەڕووی داب و نەریت و رەفتارە چەوت و نابەجێیەكانی مرۆڤ بێتەوە؟ خۆ ئەگەر یەكسانیش نەبێ، با بەچاوێكی مرۆڤانە سەیر بكرێت، چونكە هیچی لەڕەگەزی پیاو كەمتر نییە. ئەمانەو چەندین پرسیاری تر، وەڵامەكانیان پێویستی بە شرۆڤەكردنێكی زانستیانەو كۆمەڵایەتییانە هەیە.

ئاخر دەبێ تاوانی رەگەزی مێیینە چی بێت، هێشتا لەنێو منداڵدانی دایكی دایە هەندێ خێزان و كۆمەڵگای هەژارو كەم دەرامەت، ناهێڵن چاوگەشەكانی هەڵبێنێت و هەر بەزیندوویی لەبار دەبرێت. بۆ نموونە، لەگەڵ پەیدابوونی ئامێری سۆنەر لەوڵاتی هیندستان،ساڵانە نزیكەی ملیۆنێك لەم رەگەزە لەبار دەبرێن، یان دوای لەدایك بوون دەخنكێندرێن و فڕێدەدرێنە نێو تەنەكەی زبڵ و زێراب و ئاوەڕۆكان، یاخود دەبنە خۆراكی پشیلەو سەگەبەڕەلاكان!.

لەكۆمەڵگای ئێمەش، بەهەمان چاو سەیری ئەم رەگەزە



كائینێك، لەنێو ترس لەدایك بووەو
لەسایەی ترس گەورە بووە

دەکرێت. چەندین پیاوی وامان هەبووە، لەوکاتەی خێزانەکەی کچێکی بووە، بەچاوێکی سووک سەیری خێزانەکەی کردووە. وەک بڵێی تاوانێکی گەورەی کردبێت. زۆرجاری واش هەبووە، بەجنێو و لێدان و ئازار و ئەشکەنجە پێشوازی لەمنداڵ بوونەکەی کراوە. لەکاتی پەروەردەکردنی منداڵیش، هەمان ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێت. هەر لەڕووی جل و بەرگ و هەڵس و کەوت و ئیش و کارکردنی نێو ماڵ و قەدەغەکردنی گەڕان و یاریکردن و بگرە هێنانەدەر لەقوتابخانەش، بەو مانایەی کچەو خوێندنی بۆچییە! لەگەڵ فراژووبوونی کچ لەڕووی فسیۆلۆژی و عەقڵ و جەستەوە، دیسان دەکەوێتە ژێر سانسۆرێکی وردو بەهێزو چەتری ترسی ماڵەوە. وای لێ دێت ترس وەکو کابووس و سێبەر لەگەڵی بێ و لەنێو دڵ و دەروونی بژێت. یاخود روونتر بڵێین ترساندنیان لەلایەن خێزان و باوک و برایەکانی. لەبەرئەوەی کچەو دەبێ ئاگای لەخۆی بێت و نەبادا ئابرووی خێزان و بنەماڵەو عەشیرەتێکی پێوە بچێت. وای لێ دەکەن ترسی لەهەموو دۆست و برادەرێکی خۆی هەبێت، وەک گورگی هارو ڕێوی فێڵباز سەیری ڕەگەزی بەرامبەر بکات. بەمەش ترس و شەرم دەبێتە پیشەی ڕۆژانەی. هەتا ترس لەکوڕە مام و خاڵ و پووری دەبێت و نازانێت بەکام چاو سەیری دەکەن. بیر لەوەش دەکاتەوە ئاخۆ دەبێتە میراتی کێ و کێ چاوی بڕیووەتە ئەو، تاکو ببێتە هاوسەری ژیانی. لەم بارەشەوە ناتوانێ رازو خۆشەویستی دڵی خۆی بۆ کەسی بەرامبەر بڵێ. چوونە نێو ژیانی هاوسەریشی ترسێکە، ئەگەر لەتەمەنی زوو شوو نەکات، ئەوا قەیرەیی خۆی لێ نزیک دەکاتەوەو لەم هاوسەرگیرییە



نائومێد دەبێ، لەوانەیە چاوەڕێی کەسێکی لەخۆی بەتەمەنتربێت و ببێتە خۆراکی ئەو چارەنووسە ڕەشەو ئایندەش خەم و ئازارو ترسێکی تری بۆ دروست دەکات. لەهەموو ترسێک گەورەتر ئەوەیە کاتێ کچ دەچێتە ژیانی هاوسەریی لەشەوی بوکێنیدا، زاوا، خەسوو، خەزوور، دایک و باوک و هەردوو بنەماڵەو خزم و کەس و کاری هەردوولا، ترسیان لەوەیە ئایا ئەو بووکە بەڕاستی کچە؟! ئایا تا ئێستا ئەو کچە بەخاوێنی و پاکیزەیی ماوەتەوە، ئەمە لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی پێوەرێکە بۆ خاوێنی و پاکی و شەرەف و ئابرووی کچ و بنەماڵە!.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، تا نهۆش کۆت و بەند بۆ ئەم ڕەگەزە دادەندرێت. ناهێڵدرێت ئازادبێت لەگەڕان و چوونە بازاڕو سەفەر، تەنها بۆ خزمەتکردنی ماڵ و مێردو بەخێوکردنی منداڵ بەولاوە، هیچ ماناو نرخێکی تری هەبێت.. یان کارکردن لە دەرەوە بەچاوێکی تر سەیر دەکرێت، ئەگەرچی ئێستا خەریکە کۆمەڵگای ئێمە ئەو کۆت و بەندانە دەشکێنێت و هەنگاوی باش دەهاوێت، بەڵام هێشتاش بەو مانایەی نا، کە هەموو شتێ تەواو. لەلایەکی تر ئەو ڕەگەزە ئەگەر لەماڵەوەش خاوەن ڕێزلێنان و کەسایەتییەکی باش و خاوەن توانا و بڕوا بەخۆبوون و رادەبڕین و ئازادییەکی تەواوی هەبێت. ئەوا لەکۆمەڵگا خوێندنەوەیەکی تری بۆ دەکرێت. بۆ نموونە: ئەگەر کچێک زۆر کۆمەڵایەتی بێت و ئازاد بێت لەگەڕان و جولانەوەو ڕەفتارو هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ خەڵک، ئەوپەڕی متمانەی بەخۆی هەبێت لەهەستان و دانیشتن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەوا کۆمەڵگا بەبێ بەڵگە، قسەو قسەلۆک و بوختانی نابەجێی بۆ هەڵدەبەستن و دەهۆڵی ئابڕووچوونی بۆ لێ دەدەن.. لەنێو خەڵکیش بە کچێکی سووک ناوی دەبەن. سوقراتی فەیلەسوفی یۆنان دەڵێت: (بوختان بۆیە زۆر خراپە، چونکە هەموو کەس بەبێ لێکدانەوە پەسندی دەکات). ئەمەش وا دەکات لەنێو کۆمەڵگا تووشی سووک بوون و ناوزڕاندن بێت و جارێکی تر بچێتەوە حاڵەتی مت بوون و گۆشەگیربێت و متمانەی بەکەس نەمێنێ، لەتەنیایی بژێت و ترسی و دڵەڕاوکێی لەهەموو شتێکی دەوروبەر هەبێت.. نەوێرێت هەنگاوێکی باش بهاوێت، چونکە چاوەکانی خەڵکی لەسەر بوونەتە سانسۆر.. ئەم ترسەش هەر لەکچی سادەو نەخوێندەوار نییە، بەڵکو کەسانی خوێندەوارو ڕۆشنبیریش بەم دەردەوە دەناڵێنێت.

دەکرێت بڵێین، مێیینە هەمیشە لەنێو ترس لەدایک بووەو فرچکی پێ گرتووە – بە ترس پەروەردەو گەورە بووە– ترس لەهەموو شتە جوانەکان ژیان.. لەڕەگەزی بەرامبەر خێزان، کۆمەڵگا، داب و نەریت، ئایینەکان، شەقام، گەڕەک و تەنانەت لەخودی خۆیشی! جا بەرهەم و میراتی ئەو لەئێستاو ئایندە، کولتورێکی گەورە لەترس بۆ منداڵ و نەوەکانی ئێمە بەجێ دێڵێت، کە هەموو ژیانی داپۆشیبێت لە ترس!.

# هاوسەران بۆ یەکتر، یان بۆ دەوروبەر خۆیان دەڕازێننەوە؟

## شتێک لەوە خۆشتر نییە، کاتێک کوڕێک پێت دەڵێت جوانی

کەلسوم شوان

**چەند** بۆ دەرەوە خۆم دەڕازێنمەوە دوو ئەوەندەش بۆ ماڵەوە، چونکە دەرکەوتنی مرۆڤ بە پاك‌و خاوێنی و جوانی بۆ ژن چەند پێویست بێت بۆ پیاویش ئەوەندە پێویستە، (**باوکی یاد**) بەم چەند وشەیە چووە نێو ناوەڕۆکی بابەتی ئەو ڕیپۆرتاژە، ئەو کە ( 3) ساڵە خێزانی پێکەوە ناوەو باوکی(1) منداڵە ئاماژەشی بەوەدا، کە وێڕای سەرقاڵی ڕۆژانەی هەوڵی داوە لە ڕووی بایەخ بەخۆدان‌و دەرکەوتنی بە ڕوخسارو جل‌وبەرگێکی خاوێن کەمتەرخەمی نەکات، تەنانەت هەرکاتێك یەك موو لە ڕدێنی دەربکەوێت، ئەی تراشیێ‌و کاتێکیش دەگەڕێتەوە ماڵ، یان لەماڵ دەبێ بەردەوام بۆنی خۆش بەکار دەهێنێ، بەمەش هاوسەرەکەی بە گەرمی پێشوازی دەکات.

(**دایکی یاد**)یش لەگەڵ بۆچوونی هاوسەرەکەی هاوڕایە، ئەو دەڵێت" چ ژن چ پیاو دەبێت زیاتر بۆ یەکتری خۆیان برازێننەوە، نەك بۆ دەرەوە، چونکە ژیان بە جوانیەوە خۆشە" ئەو زیاتر وتی" ئەوەی هەمیشە هانم دەدات بایەخ بە خۆمبدەم هاوسەرەکەمە، هەر کاتێك بە هۆی سەرقاڵ بوونم بە منداڵەکانم نەمتوانیوە خۆم بڕازێنمەوەو هاوسەرەکەم ڕازی بکەم داوای لێ بووردنی لێ دەکەم".



(**هەناسە تەنیا**)، پێی وایە کچان لە بەر کوڕان خۆیان دەڕازێننەوەو ئارایشت دەکەن، سەبارەت خۆشی وتی" من کاتێك کە دەچمە دەرەوەی ماڵ، هەوڵدەدەم جوانترین جل و بەرگ بپۆشم‌و جوانترین قۆندەرە لەپێ بکەم و جوانترین ئارایشت بکەم، هەموو ئەمەش لە پێناو سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرەکەمە، کە ڕەگەزی نێرە، خۆڕازاندنەوەو خۆجوانکردن بۆ ئافرەت زۆر پێویستە، وەك چۆن مرۆڤ پێویستی بە خۆراکە، بەهەمان شێوەش پێویستی بە ئارایشت و خۆدەرخستنە". هەناسە دەڵێت" من لە ماڵەوە ئارایشت ناکەم، تەنها بۆ دەرەوە نەبێت، بەلای منەوە کچ هێندەی جوان بێت هەرکەمە، ئینجا گرنگ نیە جا بە چی جوان دەبێ، ئاخر هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە، کاتێك کوڕێك پێت دەڵێت جوانی، من لەو چرکە ساتانە وا دەزانم تازە لە دایك بوومە، هەرچەند زۆر حەزم دەکرد لە ماڵەوەش وەکو دەرەوە خۆم نیشان بدەم، بەڵام باوکم تا ڕادەیك دژی خۆ جوان کردن‌و ئارایشت کردنە".

(ر- ت) کچێکی( 18 )ساڵانەیەو باس لەوە دەکات، کاتێك بەیانیان لەخەو هەڵدەستێ کەرەستەکانی جوانکاری دەهێنێ‌و هەرچی ئارایشتی جوانە بەکاری دەهێنێ، قژی ڕێکدەخات‌و جوانترین جل و بەرگ دەپۆشێ‌و بەرەو کارەکەی بەڕێدەکەوێت. لەم پێوەندییەشدا وتی" جاری واهەیە ئەو ئۆتۆمبێلەی بەیانیان بەدوامدادێت هێندە هۆڕنە لێدەدات بێزار دەبم، وەلێ هەتا بە جوانترین شێوە خۆم نیشان نەدەم ناچمە بەر دەرگا، کە هاتمە دەرەوەش شوفێرەکە پێم دەڵێت بۆچی دوا کەوتی، منیش دەڵێم بۆ سەرنجراکێشانی هەزارانی وەکو تۆ. بێگومان کچ چەندی جوان دەربکەوێت هەرکەمە، زۆر گرنگە کچان لە دەرەوە ڕێك بن، کە بە تەنیشت کوڕێك ڕەتدەبن سەد ئاخ و ئۆفی بۆ هەڵکێشن‌و پێی بڵێن ئای لەو چاوە جوانە، لەو بۆنە خۆشە، لەو بەژنە....هتد، نامەوێ ئەوەش

# نەك هەر خۆم بۆ هاوسەرەکەم نارِازێنمەوە، بەڵکو هەست بەنیگەرانی دەکەم کاتێك دەبینم رۆژانە چەندین ئافرەت دەچنە ئارایشگاکان

هەفتەی چەند جارێك دەچێتە سەرتاشخانە، بۆیە ئەوەی کە بیری لێ ناکەمەوە خۆرِازاندنەوەیە. نەك هەر خۆم بۆ هاوسەرەکەم نارِازێنمەوە، بەڵکو هەست بە نیگەرانی و جۆرێك لە بێزاری دەکەم کاتێك دەبینم رۆژانە چەندین ئافرەتی هاورِێ و دراوسێم دەچنە ئارایشگاکان و بەپێی مۆدێلی سەردەم خۆیان دەرِازێننەوە".

(**باوکی لاڤین**)( 8) ساڵە ژنی هێناوە دەڵێت" بەهۆی کارکردن لە دەرەوەم، هەفتەی دوو رۆژ دەچمەوە لای هاوسەرەکەم، زیاتر بۆ دەرەوە بایەخ بە خۆم دەدەم، ئەویش بۆ سەرنجرِاکێشانی دەوروبەر، لە ماڵەوە زۆر سادەم و زۆرجاریش هاوسەرەکەم ئەو پرسیارەم رووبەرِوو دەکاتەوە، چونکە خۆی زۆرتر لەماڵەوە بایەخ بە خۆی دەدات و خۆی دەرِازێنێتەوە، بەوپەرِی جوانی پێشوازیم دەکات، بەلاّم دڵنیام لەوەی کە منیش زۆر لەماڵ بم لەوانەیە ئەویش لە خۆرِازاندنەوە بێزار بێت، هەست دەکەم لەبەر کەم لەماڵ بوونم زیاتر بەم جۆرە خۆی نیشان دەدات، دانی پێدادەنێم لە بەرامبەری کەمتەرخەمم".

دواجار(**ریڤان تەقییەددین**) دەڵێت" پێویستە کاتێك پیاو دەچێتە دەرەوە پاك و خاوێن و رێك و پێك بێت، کە ئەوە بۆ ژنەکەش باشە، چونکە رێك و پێکی پیاو، لە دەرەوە نیشانەی بایەخدان و پاك و خاوێنی ژنی ماڵەوەیە، من بۆ دەرەوە جل و بەرگی پاك و خاوێن و رێك و پێك دەپۆشم و هەوڵ دەدەم چەندی بۆم بکرێت بەرِێکی لە ناو کۆمەڵگا دیاربم، لە ماڵەوەش پاك و خاوێنی و ریش تاشین ئەنجام دەدەم، بەلاّم هەر جل و بەرگێك بێت لەبەری دەکەم، هەرچی ئافرەتیشە پێویستە ئەویش وەك پیاو رێکپۆش و خاوێن بێت، بەلاّم هەندێك ئافرەت جل و بەرگی وا لەبەر دەکەن، کە سەرنجی پیاوان رابکێشێ، بە برِوای من ئەمە لەجێگای خۆیدا نیە، ئافرەت دەبێت بەم شێوەیە تەنها بۆ هاوسەرەکەی دەربکەوێت.



بشارمەوە، کە زۆر حەز دەکەم بە جوانیەکەم ئازاری رەگەزی بەرامبەر بدەم".

( **د – ش**) ئافرەتێکی تەمەن( 27 )ساڵەیەو نزیکەی( 5 )ساڵە شووی کردووە، ئەو پێی وایە" گرنگی نەدانی ئافرەت بە خۆیان دەگەرِێتەوە بۆ ئەو کەش و هەوایەی لە نێو ماڵدا هەیە، ئەگەر ژینگەی ماڵ لەبارو بێ گیروگرفت بێت، ئافرەتەکە هەرچی جل و بەرگ و ئارایشت و جوانیە دەیکاتە رێچکەی ژیانی خۆی و دەیبەخشێتە هاوسەرەکەی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەشی ماڵ لەبار نەبێت، ئافرەتیش ناتوانێت بایەخ بە خۆی بدات و سۆزو خۆشەویستی بداتە هاوسەرەکەی. هەروەها ئەگەر پیاو لەگەڵ ئافرەتەکەی رووخۆش و بە گفتوگۆو بێ کێشە بێت، ئافرەتیش ناچاردەبێت خۆی بۆ برِازێنێتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەوپەرِی کەمتەرخەمی دەنوێنێت و تەنیا بۆ دەرەوەو بۆ دەوروبەر خۆی دەرِازێنێتەوە.

(**ژیلە**) ئافرەتێکی تەمەن( 32 )سالأیەو تازە شووی کردووە، ئەو وای بۆدەچێ، کە جوانی و بایەخ بەخۆدان پێداویستیی ژیانە، بەلاّم رەنگە هەموو کاتێك ئاسان نەبێت، ژیلە زیاتر وتی" بە داخەوە من ناتوانم بە ئارەزووی خۆم، خۆم برِازێنمەوەو سوود لەم پێداویستیە وەربگرم، چونکە هاوسەرەکەم دڵرِەقەو ناهێڵێت تەنانەت بچمە ئارایشگاکانیش، جا ئەگەر ئەو بەم شێوە بیر بکاتەوە، کە بچووکترین مافی ئینسانە، من بۆچی و بۆ کێ بایەخ بە خۆم بدەم؟ کەچی خۆی

# ئایا نامۆیی گۆڕانکاری لە ستایلی ژیانی گەنج دەکات؟!



یوسف عوسمان حەمەد *
دەینووسێت

**من** ئەوە نیم، کەوا هەم خۆم خۆش ناوێت، چونکە هەندێك رەفتاری خۆم بەدڵ نیە، تۆم خۆش دەوێت، چونکە سروشتی رەفتارەکانت لەمن دەچێت. هەموومان بێزارین، بەڵام درۆ دەکەین لەگەڵ ژیان، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر کۆمەڵگا ریسوا نەکرێن‌و بە درۆی ئەوان بژین. لەوەتەی هەم رەتی بیروبۆچوونەکانی خۆم دەکەمەوەو قێزەونن، چونکە گوزارشت لە بۆچوونی خۆم ناکات، تەنها کاوێژی قسەکانی باوکمە، بەردەوام دووبارەی دەکەمەوە. حەزم لە تەنهاییە، تەنهایی فێری راستگۆیی کردم، کەس فێڵم لێناکات، کاتێ تەنهایی هەڵدەبژێرم لەگەڵ خودی خۆمدا ئاخاوتن دەکەم، لەخەیاڵی فراوانی خۆمدا ململانێ و زۆرانبازی دەکەم، لەوێشەوە هاوسەرە جوانەکان مارە دەکەم، دنیایەکی دەروونپاك، دروست بۆ خۆم لەو دیو تەڵبەندەکانی کۆمەڵگا دروست دەکەم، لای من ژیان و مردن یەکسانە بە کات و دۆخی گۆڕان. ئەمانەو چەند وتەیەکی تر، کە گوزارشت لە ناخێکی پڕ حەسرەت دەکات، قسەو باسی گەنجێکی نامۆیە لەم سەردەمەدا، کە دەیەوێت نامۆ بژیت و لەگەڵ فەلسەفەی نامۆگەرایی ئاشنا بێت و خۆی بناسێت. لە رووی فەلسەفەی ماددیەوە نامۆیی بەوە پێناسە کراوە، کە هەڵخلیسکانە لەجەوهەری چینایەتی خۆی و ونکردنی خەسلەتەکانی بەچینایەتی بوون تیر دەهاوێژێت، بەڵام نازانێت بۆچی ئەو تیرە دەهاوێژێت. نەبوونی ئەنجامی کۆتایی هەر هزرێکی چینایەتی، مانای نامۆیی دەگەیەنێت، کە دەبێتە کۆیلەبوون و ئازادی ونکردن، هەر مرۆڤێك کۆیلەی باری ئابووری و فکری و چینایەتی بوو، ئەوا سەرەتایەکانی نامۆییە، لە رووی سێکسی نەبوونی چێژە سەرەکیەکانی راستەقینە واتە سێکس وەکو سروشت و واقعی مرۆڤایەتی بەکار نەهاتووە. لە رووی ئابوورییەوە ئەو کارەی دەیکەیت لەگەڵ خواست و بۆچوون و توانای عەقڵی و بەدەنی ناگونجێت و خاوەن سەرمایە و بەرهەمی خۆت نیت، ئەو کارەی دەیکەیت بەرهەمەکەی بۆ کەسێکی تر دەبێت، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کاتێك هەست دەکەیت کەسێك یاخود ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە نیت‌و خۆت بەبێگانە دادەنێیت و هەست بە ئینتیما بۆ دابونەریت و کولتوری ئەو کۆمەڵە ناکەیت، ئەوا هەستی نامۆیی دروست دەبێت. لە رووی دەروونییەوە سایکۆلۆجیستەکان هەستێکی تر و ستایلێکی تر دەردەبڕن بۆ نامۆیی دەروونی، بەو شێوەیە پێناسەی دەکەن، کە بریتییە لە تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی و نەگونجان لەگەڵ دەوروبەر و زاڵبوونی ئەوەی کەسایەتی بەسەر منی واقعی و ململانێ لەنێوان من و منی باڵادا، کە دەبێتە هۆی نامۆبوونی کەسایەتی تاك. نائارامی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بەردەوام واتە نامۆبوون لە ژیانێکی وەهمیدا، زاڵبوونی نەستی تاك بەسەر هەستەوەرە واقعیەکاندا، نامۆیی نەناسینەوەی تاکە. زۆر جار مرۆڤ یاخود تاکی نێر و مێ تاکو مردن شوناسی جوگرافیای لەشی خۆیان نازانن، نێر شەرم لە ئەندامەکانی خۆی دەکات و بەردەوام دەیشارێتەوە، وەکو شتێکی شەرم و گومان لێی دەڕوانێت، بەترس‌و گومانەوە دەستی لێ دەدات و بەدزی لە پشتی دەرگا ئاسنینەکانەوە، لە بەر ئاوێنە سەیری جوگرافیای لاشەی خۆی دەکات و خاڵەکان دەست نیشان دەکات، بە کۆمەڵێك گرێی دەروونی و ترس و پەشیمانی چێژەکان بەتاڵ دەکاتەوە.. مێ جوگرافیای ئەندامەکانی خۆی بە گەورەترین گوناه و تاوان دەزانێت لە بەرامبەر ئامانەتیەکانی خانەوادە، لەسەر تیۆری شەڕەف و ناموس گەمە دەکات. هەموو بیر و دەسەڵات و سامان و هوشیاری و زیرەکی و کولتورەکان و شتی تر دراوەتە دەست رەگەزی نێر، بەڵام تەنها شەڕەف و ناموسی خانەوادە دراوەتە دەست مێینە. ئەگەر مێ سەیری مێینەیی خۆی بکات و بیناسێت وەکو ئەوە وایە سەیری شەڕەف و ناموسی هەموو خانەوادە و هۆز و خێڵی کردووە، ناتوانێت لە بەرامبەر ئاوێنە سەیری سروشتی خۆی بکات و بزانێت ئەو وەکو مێ چۆن دروست کراوە، چێژ وەرگرتن نەك لە پێش شووکردن، بەڵکو لەدوای شووکردنیش بەدەست رەگەزی نێرەوەیە و لە بچوکترین ئاهی چێژە سێکسییەکان دڵی هاوسەری نێرینە پیس دەبێت و دەکەوێتە گومان و ناپاکی هاوسەری بە باڵادا هەڵبڕین. بۆیە بەپێی خودی شیکاریی دەروونی بۆ نامۆیی، مێینە نەك گومان لەخودی خۆی دەکات، بەڵکو لە ژیانی خۆی و رابردوو و دروستبوونیشی دەکات و بەردەوام لە بەرامبەر پرسیارێك رادەوەستێت، بۆچی دروست بووە؟ بەهەڵەی کێ دروست بووە؟ خواوەند دروستی کردووە، یاخود لە ئەنجامی رق و تورەیی و هەڵچوونی جوتبوونی دایك و باوك دروست بووە؟ بەهەمان شێوە دووبارە دایکێکی بێ دەسەڵاتە، لە بەرامبەر باوکێکی بێ بەزەیی و دەسەڵاتدار، لەبەرامبەر خودی جەستەی مێینە، کە شەوانە باوکی هەڕاجی فرۆشتنی دەکات بۆ حەزە چڵێسەکانی. نە بە حەرام نە بە حەلاڵ لەبەرامبەر هێزێك کە ناوی مێردە، مێینە ناتوانێت باس لە چێژە سێکسیەکانی بکات.

*پسپۆری دەروونزانی

ڤەژین

# ساتەکانی چێژ وەرگرتن
# ( ئەو کاتانەی ناگەڕێنەوە )



د. ریدار محەمەد ئەمین
دەینووسێت

گۆشەیەکە دەربارەی
سایکۆ سۆسۆلۆژیا*

**ئارەزووکانی** مرۆڤ ئەوەندە زۆرن، ڕەنگە هەموو ژیان بەشیان نەکات، هەر بۆیە مرۆڤ بە بەردەوامی لە جوولەو ماندوبووندایە و چاوەڕێی ئەوە دەکات ڕۆژێك ئەم ئارەزووانە کۆتاییان بێت و ئەویش بڕیاری پشوودان بدات، بەلاّم ئەو ڕۆژە هەرگیز نایەت! ئایا لەبەر ئەمەیە کە ئەوجیهانە زۆر بچوکترە لە بینینی ئێمە؟ یان تەمەنی مرۆڤ ئەوەندە کورتە بەم هەموو ئارەزووە زۆرە ڕانەگەین؟ یاخود هەر تێڕوانینێکی چاوچنۆکانەی مرۆڤە دەیەوێ هەموو شتێك لە هەموو ساتێك دەستەبەربکات! گرنگ نییە کام لەمانە وەلاّم بێت، چونکە هەمووی یەك ئەنجامە ئەویش لەدەستدانی ساتە خۆشەکانە.

ئەوەی جێی سەرنج وپرسیارە، مرۆڤ چێژەکانی ئێستای دەفرۆشێت بە داهاتوویەك کە دیارنیە، ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە بەهەشتێك لە داهاتوو دروستبکات وئەوکات چێژو خۆشیەکان وەربگرێت، بەلاّم ئەوە نازانێت کاتێك ئەم داهاتووە بووە ئێستا، دیسان ئامادەیە بیفرۆشێتەوە بە داهاتوویەکی تر! ئەم زنجیرەیەش کۆتایی نایەت تا مەرگ گرێیەکان دەپسێنێت .

دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی مرۆڤ هەموودەم هەوڵی داهاتوویەکی نادیار دەدات، لەسەر حسێبی شتە خۆشەکانی ئێستا؟ بۆ ئێستا بکەینە کوڵەمەرگی بۆ داهاتوویەك کە ڕەنگە لەئێستا زۆر ناخۆشتر بێت؟ ئەمانە پرسیارن دەبێت ئەو کەسانە وەلاّمی بدەنەوە کە هەموو دەم سەرقاڵی دانانی بلۆکی دوارۆژن و ئێستا شوێن پێیەکیان نییە، خۆیان بە بەختەوەر دەزانن هەموو حەزوئارەزوو و ساتێکی خۆشیان کردۆتە قوربانی داهاتوو، ئەمانە ئەو ڕاستیەیان لێ ونە کە هەر ساتێك و قۆناغێك لەتەمەن چێژو تامی تایبەتی خۆی هەیە، هەر کە ڕۆیشت ناگەڕێتەوە، هەر قۆناغێکیش لەژیان بەهەشتی تایبەتی خۆی هەیە. لە دورێد لەحامیان پرسی: ئێستا تۆ هەستت چۆنە کە دەوڵەمەندی؟ لە وەلاّمدا گوتی:جاران کە منالّ بووم زۆرم حەز لە کڕینی پایسکیلێك بوو، بەلاّم گەورەبووم و ئەو حەزەم نەهاتە دی، ئێستا ئەوەندە پارەم هەیە بەشی کڕینی هەموو پایسکیلەکانی سوریا دەکات، بەلاّم سوودی چیە کە هەرگیز ئەو چێژەی ئەو ساتەم پێ نادەن! ئەم وتەیەی دورەید لەحام پەندێکە بۆ ئەوانەی بەسەر ساتە جوانەکان تێدەپەڕن وتام و چێژی خۆی نادەنێ، وا دەزانن پارەو سەروەت هەموو شتێکیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەلاّم ئەوەی لە منداڵیدا لەدەستی دەدەیت هەرگیز گەنجیەتی نایگەڕێنێتەوە، ئەوەی گەنجیەتیی بە پیری تامی نیە، لە هەر کۆمەڵگەیەکیش بیرکردنەوەکان بەم شێوازە ئاراستە بکرێن مۆڕالّ و بەها بەرزەکان لەناو دەچن، چونکە لە هەر قۆناغێکی ژیان نەوەیەك پەیدادەبێت وێڵی چێژێکی ئەبەدییەو نازانێت هەر کاتەوچێژی خۆی هەیە، ئەگەر ڕۆیشت مەحاڵە بگەڕێتەوە.

# بەرسڤێك بۆ نامەکەی ژیلە

## کەی عاتیفە شوێنی لۆژیک دەگرێتەوە؟

کۆمەڵێك سایکۆلۆژیست

**لەژمارە** (9)ی (کۆوار)دا و لەلاپەڕە( 54)ی دا، نامەیەکی پڕ گرفتی خۆشەویستی کچێکمان بەنێوی ( کێ هەوڵی چارەسەرکردنی ئازارەکانم دەدات؟ هیچ کەسێك بەختەوەرم ناکات، جگە لەکەسێك کە دڵمی داگیر کردووە)مان خوێندەوە، دوابەدوای خوێندنەوی نامەکە، کە لەلایەن کچێکەوە گەیشتبووە دەستی کۆوار، هەر لەڕێگەی برادەرانی کۆوارەوە تەکلیف کراین بەچارەسەرکردن و ڕێنیشاندان بۆ گرفتەکەی خاتوو ژیلە، ئێمەش بەپشتبەستن بەچەند برادەرێکی سایکۆلۆژیست و کۆمەڵناس، ئەو چەند دێرەمان خستە روو. بەلاّم بەر لەوەی بچینە سەر وەلاّمەکەی، وامان پێباشە، کورتکراوەی نامەکە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر ئاسان بێت هەم لەگرفتەکەو هەمیش وەلاّمەکەی ئێمەی لەلا روون بێت، بەو هیوایەین توانیبێتمان لەڕێگەی ئەو بەرسڤەوە یارمەتی (ژیلە)و ئەوانەشمان دابێت، کە چیرۆکەکانیان لەو نامەیە نزیکە.

### بەسەرهاتی ژیلە

(ژیلە)، وەك ئەوەی لەنامەکەی باس دەکات، کچێکی تەمەن (22 )ساڵانەیەو خاوەن بەختێکی باشەو باری ئابووریشیان بەرزەو بەنازەوە بەخێوکراوە، تاکو ئێستا چەندان خوازبێنی لەوڵات و دەرەوەی وڵات بۆ هاتوون و چەندەها کوڕ لەڕێگەی برادەر و تەلەفۆنەوە خۆشەویستی خۆیان بۆ ئاشکرا کردووە، بەلاّم ئەو ئامادەیی دەرنەبڕیووە، تا تەمەنی 19 ساڵانە. ئەو پێشتر باوەڕی بەخۆشەویستی نەبووەو شەڕەف و کەرامەتی تەنانەت لە باوکیشی خۆشترویستووە، بەلاّم هەر لە 29 ساڵیدا و لەڕێگەی خزمێکیان، کوڕێك کە لەبەغدا کارەکانی رادەپەڕێنیّ، هەواڵی خۆشەویستیەکەی پیّ رادەگەیەنێت، دوا بەدوای مشتومڕێکی زۆر، (ژیلە) خۆشەویستی لەچاوەڕوانی دەخوێنێتەوەو پەیمانی دەداتیّ، کە لەگەڵیدا بەوەفا بێت و پەیوەندی خۆشەویستی دەبەستن، ساڵ دیّ و دەڕوا، ئەوان لە ناخەوە بۆ یەك دەسووتێن، بەلاّم دووری لەیەکتری ناچاریان دەکات کەمتر یەکدی ببینن، بەلاّم بەمۆبایل پەیوەندیەکەیان هەر دەمێنیّ. لەناکاو (ژیلە) پیاوێکی خاوەن ژن و دوو منالّ دەبینیّ و خۆشی دەویّ و پەیوەندی دەبەستن، پیاوەکە (وەك ئەوەی ژیلە باسی دەکات)، نیو چارێگی (ژیلە) خۆشەویستی بە (ژیلە) نادات و ئامادەش نییە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێکبهێنیّ، لەگەڵ ئەوەشدا (ژیلە) هەر رازیەو بە ماچەکانی پیاوەکە نەحاسێتەوەو هەمیشە ئارەزووی باوەشی دەکات و تائێستاش لەگەڵی بەردەوامەو هەمیشە خۆشی دەویّ، خۆشەویستییەکی بێسنوور و تا ئەوپەڕی سووتان!

(ژیلە) لەنامەکەیدا، باسی ئەوە دەکات کە دەزانیّ خیانەت لەو کوڕە دەکات، کە بۆ یەکەم جار خۆشیویستووەو پەیمانی داوەتیّ، بەلاّم لەماوەی 7 مانگ دا، جارێك کوڕەکە بەتەلەفۆن پێی دەڵیّ زیاتر لە جاران خۆشمدەوێی و کە لە بەغدا گەڕامەوە، بەر لەوەی بچمە ماڵەوە لەبەر دەرگای ماڵەوەتان تێدەپەڕم. (ژیلە) سەبارەت بەو کوڕەی کە پەیمانی داوەتیّ دەڵیّ، کوڕێکی راستگۆیەو بەڕاستگۆیی خۆشم دەویّ، بەلاّم (ژیلە) ئێستاش عاشقی پیاوێکی خاوەن ژن و منالّەو ناتوانێت لەیادی



کە عەقڵ تەسلیم بەعاتیفە دەبێت، پێوەرەکان دەگۆڕێن

بکاو هەموو شەویٚ بۆی دەگرییٚت‌و لە بەرامبەر خۆشەویتیەکەشیدا ئارەزووی مردن دەکات! لەدوانامەکەشیدا دەپرسیٚت بۆ وام بەسەرهات؟ لەیەکەم نیگاوە خیانەت لەخۆشەویستەکەم بکەم‌و عاشقی پیاویٚك بم کە منی خۆشناویٚت‌و ژیانی هاوسەریٚتیم لەگەلٚ پیٚکهیٚناهیٚنیٚت!، هەر لەو سۆنگەشەوە داوا لە (کۆوار ) دەکات چارەسەریٚکی بۆ بدۆزنەوە.

## بەرسڤ‌و چارەسەر

بیٚگومان هەر کەسیٚك ئەو نامەیەی (ژیلە) بخویٚنیٚتەوە، تیٚدەگات کە ئەو، کەوتۆتە قەیرانیٚکی گەورەی خۆشەویستییەوە، بۆیە لەناکاو بڕیار دەدات پەیمانی خۆشەویستیەکەی بشکیٚنیٚ‌و خیانەتی لیٚبکاو بەدوای خۆشەویستی پیاویٚکی دیکەی بە ژن‌و منالٚ ویٚلٚبیٚت. رەنگە رۆژانە گویٚبیستی ئەو جۆرە چیرۆکانە ببین، چیرۆکەهای خۆشەویستی، کە لۆژیك‌و دونیای واقیعبینانە تەسلیم بەعاتیفە دەکریٚن‌و زۆرجار مرۆڤ بەرەو هەلٚدیٚر دەبەن، بۆیەش ئیٚمە بە خاتوو ژیلە دەلٚیٚین:

ئازیزمان، سەرەتا سوپاست دەکەین، کە باوەڕت بە ئیٚمە کرد بۆ خستنە رووی گرفتەکەت، جگە لەمەش پیٚدەچیٚ تۆ کچیٚکی هیٚجگار عاتیفی بیت‌و نەتوانیت بەرگەی تەنهایی بگریت! خۆ رەنگە 22 سالٚ کەم نەبیٚت بۆ بڕیاردان‌و تەمەنت کاملٚ بووبیٚت بۆ بیرکردنەوە، بەلاٚم زۆرجار عاتیفە مرۆڤ ناچار دەکات ببیٚتە کۆیلەو وەك هەرزەکاریٚك مامەلٚە بکاو گویٚ بەداهاتوو نەدات.. ئەشیٚت رۆژانە حەز لەچەندان شتی جۆراو جۆر بکەین. خۆ خۆشەویستیش دەچیٚتە خانەی غەریزەوە، بەلاٚم ئایا ئیمکان دەبیٚت بەپیٚی ئارەزووەکانی عاتیفەو غەریزە مامەلٚە بکەین؟ بیٚگومان نەخیٚر، بۆیەش واچاکە جددیتر بڕوانیتە شتەکان‌و واقیعیتر بیربکەیتەوە، بەتایبەت کە تۆ کچیٚکی دەتوانیت بیر بکەیتەوە، چونکە بڕیاریٚك ئەگەر مرۆڤ بە بیٚ (عەقلٚ‌و مەنتیق) بیدات، رەنگە کاریٚکی باش نەبیٚت، دوورتر لەمەسەلەکە بڕوانە، من دەلٚیٚم ئەوەی کە تۆ ئیٚستا تووشی هاتوویت‌و بەدوای پیاویٚکی خاوەن ژن‌و مندالٚ ویٚلٚ بوویت، خیانەتە لەخۆشەویستەکەت دەکەیت.

لە کاتیٚکدا کە ئەو پیاوە (وەك خۆت گوتەنی، خۆشەویستیت پیٚ نابەخشیٚ‌و ئامادەش نییە ژیانی هاوسەریەتیت لەگەلٚ پیٚکبهیٚنیٚ)، جگە لەمەش خیانەت لە ژنەکەشی دەکات! لەلایەکی دیکەشەوە (تۆ کەرامەتت لە باوکت زیاتر خۆش دەویٚ‌و ئامادەنیت کەرامەتت لە دەست بدەیت)و کچی ئەو کۆمەلٚگایەشیت، خۆت دەزانی، کە لەکەدار بوویت، چ مەسەلەیەکی دژواری لیٚدەکەویٚتەوە. ئیٚمە ناتوانین پیٚت بلٚیٚین بگەڕیٚوە بۆ خۆشەویستی یەکەمت، چونکە ئەمە بڕیاری خۆتەو خۆت باشتر دەیناسیت، بەلاٚم پیٚمان وایە دووری ئەو کوڕەی کە پەیمانت داوەتیٚ‌و لە بەغدا نیشتەجیٚبووە، ئەو بۆشاییە گەورەیەی لای تۆ جیٚ هیٚشتووەو ناچاری کردوویت لە یەکەم نیگاوە پیاویٚکی دیکەت خۆش بوویٚت، رەنگیشە لە نەشئەوە، ئەو پیاوە لەپیاویٚکی دیکە بچیٚت، کە تۆ لە رابردوو پیٚی سەرسام بوویت ، کەواتە لیٚرە مەسەلەیەکی دیکە لە گۆڕیٚیە، کە سەرسام بوونە، بۆیەش سەرسام بوون شتیٚکەو خۆشەویستیش شتیٚکی دیکە، هەمووومان دەتوانین سەرسام بین بە خەلٚکی دیکە، بەلاٚم تەنها یەکیٚکمان خۆشدەویٚت‌و ناتوانیت هەموو سەرسام بوونیٚك بکەینە پەیوەندەی خۆشەویستیەوە، کاتیٚکیش پیاوی خاوەن ژن‌و منالٚ ماچت دەکاو دەتگریٚتە باوەش‌و خۆشەویستیشت پیٚ نابەخشیٚ، ناوی دەنیٚی چی؟ ئەمە وەلاٚمیٚکە بۆ تۆی جیٚ دیٚلٚم!




### رامانیٚک بۆ سبەی خەونەکان..



زۆجار شەهوەت‌و ئارەزووەکان، کارەهای جۆراوجۆر و بڕیاری سەرسوڕهیٚنەر بەمرۆڤ دەدەن. کاتیٚکیش مرۆڤ کەوتە بەر کۆنتڕۆلٚی ئارەزووەکانەوە، عاقیبەتی باش نابیٚت. جاریٚ تۆ لەتەمەنیٚکی سەرەتایی گەنجیەتی دایت‌و ژیانیٚکی جوانتر چاوەڕیٚت دەکات!

ئەگەر ئەزانیت بڕیاری خۆشەویستیت بۆ کوڕەکەی بەغدا، بڕیاریٚکی باش نییە، ئەوەش بزانە کە بڕیاری خۆشەویست لەگەلٚ پیاویٚکی خاوەن ژن‌و منالٚ، کە ئامادەنییە ژیانی هاوسەریٚتیت لەگەلٚ پیٚکبهیٚنیٚ، کاریٚکی ئیٚجگار هەلٚەیە.

ئەوەی دەڕوات رابردووە، ئەکریٚت مرۆڤ لە رابردوودا هەلٚە بکات، گرنگ ئەوەیە وانە وەربگریٚت‌و بتوانیٚت لە سفرەوە دەست پیٚبکاتەوە، بیر بکەوەو بزانە چەند هەلٚەیت! بیر لە داهاتوو بکەوە، چاوەڕیٚی چی دەکەیت؟ ئەو هەموو جوانیەت بۆچی بەفیڕۆ دەدەیت؟ ئەو هەموو عاتیفە جوان‌و ناسکەت چۆن دەبەخشیە پیاویٚك، کە ئامادەنییە وەك تۆ بیٚت؟ بۆ کیٚ دەسووتیٚیت؟ بۆچی؟ دەیەها پرسیاری دیکە کە گرنگە وەلاٚمەکانی بزانیت!!!

ئەوەش گرنگە بیزانیت، تۆ لەنیٚو گرفتیٚکی گەورەدایت‌و چاکترین چارەسەریش، مومارەسەکردنی ویژدانتە بە خۆت، لەگەلٚ خۆت دانیشەو بەوردی بیر بکەوە تا دەگەیتە ئەنجام، دلٚنیام دەگەیتە ئەنجام، ئەگەر ویستیشت بیر لەو پیاوە نەکەیتەوە، واچاکە بڕیار بدەیت، ئیتر نەیبینیت‌و بەسەر ئارەزووی بینینی زالٚ بیت. ئەو شتانەش کە پەیوەندی بە یادگاریەکانی ئەو پیاوەوە هەیە، هەولٚ بدە لەبیریان بکەیت، مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە کە دەتوانیٚ رابردوو لەیاد بکاو بلٚیٚت (دەتوانم لە سفرەوە دەستپیٚبکەمەوە!).

# نامەیەکی پڕ لەحوزن و ئازار

# بێ کەسیی، ژیانی لێکردم بەدۆزەخ

هەژار عەلی

**هەر** کە نامەکەییم خوێندەوە، ئازار دڵی هەڵقرچاندم، بەڕاستیش نامەکەی پڕ لە حوزن و پڕ لەترس و پڕ لەئازار بوو، چەندین جار بەمانشێتی گەورەو بچووك نووسیبووی: توخوا.. توخوا ئاگاداری نامەکە بەو نهێنیەکانی بپارێزە، تەنها بە پیت ئاماژەی بۆ بکە، نەبادا خزمی سەپانی شێخی پێی بزانیێ و لەت و پەتم بکات، زۆر دەترسم! تکایە بە ئەمانەتەوە دەنگم بگەیەنە.

ئەمە قسەی (ه) کچێکی بێ گوناهی پاکیزەیە، لەساڵی 1982 لە شارۆچکەی رواندز لەدایك بووە، تەنها چوار ساڵ ماڤی خوێندنی پێدراوە، چونکە لەساڵی 1998 باوکی کۆچی دوایی دەکات و ئەو لەگەڵ دایك و چوار خوشکی تر ژیان بەسەر دەبات، جگە لەمانە کەسی نزیکی نییە، تەنانەت براو مامیشی نییە.

(ه) دوای مردنی باوکی بەوپێیەی کەسی نزیکیان نەبووە بیانگرێتە خۆ، چەند کەسێکی دوور بەهۆی ئەوەی لەیەك عەشیرەتن خۆیان سەپاندووە بەسەریانداو بوونەتە سەردارو بەخێوکاری ئەوان، ئەوانیان خستۆتە ژێر چاودێری و رکێفی



حەزدەکەم بینابیم کوێر بێ، بەس روخساری ئەو نەبینم

خۆیان، وەك (ه) باسی دەکات، ئەوان زۆر دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و گوێ بۆ داخوازییەکانیان ناگرن و بچووکترین مافیان لێ زەوت دەکەن.

(ه) کچی گەورەی ماڵە، ئەو پیاوەی کە خۆی بە گەورەی ئەوان دەزانێ بەناوی (ت)ە، هەر لەسەرەتاوە رقی گەوەری لە (ه) بوو، چونکە پێشتر رازی نەبوو بوو شوو بە ئامۆزاکەی بکات، کێشەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و بەهەموو شێوەیەك ماڤی ئەو کچە پێشێل دەکات و تەنانەت چوونە دەرەوەشی لێ زەوت دەکات و ناشهێڵێ لەگەڵ دەستە خوشکەکانیشی هاموشۆی هەبێ، چەندین جاریش بەر لێدان کەوتووەو سووکایەتی پێ کراوە، لەو تەمەنەشدا چەندین خوازبێنی هاتوون، ئەو زۆری پێ خۆش بووە شوویان پێ بکات، بەڵام لەلایەن بەخێوکاریانەوە رەت کراونەتەوەو هەمیشە دەبووە بەربەست و رێگر، وەك (ه) بۆی گێڕاینەوە بەردەوام ئەو پیاوە دەیگوت: نابێت بەهیچ شێوەیەك بەدڵی خۆت شوو بکەیت، دەبێ من بۆتی هەڵبژێرم، لەبەر بێکەسی (ه) ناچاربوو ملکەچی بڕیارە چەوتەکانی بێت، ئای چەند ستەمە مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ کەسێك ژیان بەسەر بەرێت، کە ئەیەوێت ژەهرت دەرخوارد بدات، ئەوەبوو زیاتر لە دووجار (ت) بۆ براکەی خوازبێنی کرد، وەك خۆی دەڵێ: منێك کە رقی دونیام لەو برایەی ئەو دەبێتەوە، تەنانەت وام هەست دەکرد ئەو برایەی هەموو کەسەکانی منی ژێر خاك کردووە، بۆیە بەترسەوە داواکەیم رەت کردەوە، بەڵام ئەوان هەر وازیان نەهێنا، لەوەش ناخۆشتر براکەی تووشی نەخۆشی (دەروونی) بوو، ئەمەش بۆ ئەو کێشەکە هێندەی تر گەورەتر بوو، بەوەی ئەوان هۆکاری تێکچوونی براکەیان گەڕاندەوە بۆ (من)، گوایە بۆ من شێت بووە، ئەمەش دووربوو لەڕاستی، تەنها بۆ ئەوەیان بوو مێردی پێ بکەم. چ مەرگەساتێکە ژیان لەگەڵ کەسێك، کە وەك دڕندە رەفتار دەکات و هیچ کاممان لەیەك حاڵی نەبین. هەر چۆنێ بێ بڕیاری مارەبڕین دراو، ژیانی (ه) کەوتە مەترسییەوە، پاڕانەوەو سکاڵاو گریان و فرمێسك دادی نەداو هەڕەشەی کوشتنیان لە (ه) کرد، ئەگەر بەو بڕیارەی ئەوان رازی نەبێت.

وەك خۆی دەگێڕێتەوە: ئەوەی گوێی بۆ نەدەگیرا نزاو پاڕانەوەو هاواری منی بێ باوك و برا بوو، بۆیە خواستەکەیان هێنایە دی و منیان لەو مرۆڤە گێلە مارەکرد، لەوکەسەی هەر خۆم دەزانم چەند رقم لێیەتی، حەز بە کوێربوونی هەردوو چاویشم دەکەم تەنها بۆ ئەوەی رووخساری چەپەڵی ئەو نەبینم، رۆژان هاتن و رۆیشتن، بڕیاری گواستنەوەی (ه) بۆ برای (ت) درا، لێرەوە ژیانی (ه) بەتەواوی گۆڕا، گریان و فرمێسك و ئازارو لێدان بۆ هەمیشە بوونە میوانی (ه)، بێ

هیواو ماتو مەلول تروسکایی شادی بۆ هەتا هەتایە لێ ون بوو، زیاتر رەشبینیو بێ هیوایی بە ڕوخساریەوە دەبینرا.
بەوپەڕی نیگەرانییەوە (ه) دەگێڕێتەوە: شەوی بوکێنیم جۆرە زیندانێك بوو، هەندێك دەڵێن: هیچ شەوێك لەدوای شەوی خۆشاوی پەردە خۆشترو پڕ چێژتر نییە، بەڵام بۆ منێکی غەدرلێکراو، ئەو شەوە شەوی ئازارو مەینەتی بوو، دەزانی دەبێ لەگەڵ کێ دەست لەملان بم، ئەوەی لەگەڵ بینینیا ترسو سام دامدەگرێ، کام هاوسەری ژیان خودایەگیان چ مرۆڤێ؟! ئیدی لەم دونیایە چوومە دونیایەکی دۆزەخی، ماڵی جیایان بۆ دانام، بەڵام لەگەڵ کێ؟ دوژمنێكو شێتێك بوو بە هاوژینم، چۆن ژیانێ؟ مردنم زۆر بەلاوە خۆشترە، خۆشم نازانم چیم بەسەرهات، هەر ئەو رۆژەی منیان گواستەوە، بۆ سبەی بەچەقۆ پەلاماری دام، لەو رۆژەوە بەدەیان جار پەتی خستۆتە ملمو هەوڵی خنکاندنی داوم، دەیان جار بەقژ رایکێشاومو ئەملاو ئەولای پێ کردووم، لەگەڵ ئەوەشدا جارێکیان بەتۆمەتی ئەوەی نەمتوانیوە سۆز بۆ مێردەکەم ببەخشمو لەو نەخۆشییە دەروونیەی رزگاری بکەم، برا گەورەکەی بەناوی (ت) پەلاماری دامو دەستێکی شکاندم، ئەو بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوی نەهامەتییەکانی، باوەڕتان بەیەزدان هەبێ، هیچ زیندانیەك بەوێنەی من ئەشکەنجەو سزای نەدیوە، لەوە مەرگەساتتر هەیە چەندین جار شەوی ساردی زستان لەترسی ئەو پیاوە لە (حەمام)دا رۆژم کردۆتەوە.

(ه) بەدرێژایی ماوەی هاوسەرێتی هیچ خۆشیەکی بەدی نەکرد، لە ئازارو فرمێسكو گریان بترازێ، هاوسەرەکەی لە نەخۆشانی دواکەتووانی ئەقڵی بوو، دوای نیوەڕۆیەك بەفێڵی ماڵی دایکی، (ه) دەخاتە نێو ئۆتۆمبێلێکەوەو دواتر دەیباتە ماڵی باوکی خۆی، کە لەناوچەیەکی شاخاوی دوور لە ئاوەدانی دەژین، ویستوویەتی لەوێ مەرامی خۆی جێ بەجێ بکاتو ئەوەی لەمێشکی دابوو، لەوێ بەکوشتنی ئەو کۆتایی بە کێشەکان بهێنێو کەم ئەقڵی خۆیشی بسەلمێنێ، (ه) هەر زوو لە تەڵەکەبازیو مەرامی گڵاوی تێگەیشت، بۆیە زوو قیژاندیو هاواری کرد، بەرلەوەی بگاتە ماڵی خەزووری، خەڵك بەهانایەوە چوون هەرچۆن بوو لەوێ خۆی لەبەردەستی رزگار دەکاتو خەڵکی ئاوایی دەیبەن بۆ ماڵی (پووری) پلکێکی، کە لەو ناوە نزیك بووە، هەر پلکی چاوی پێ دەکەوێ بۆ بێنازیو بێ دەرەتانییان پیادادێتەوەو بڕیار دەدەن بیبەن بۆلای دایکی، دایکیشی کە بەو مەسەلەیە دەزانێ زۆر دڵتەنگو خەفەتبار دەبێو هەر زوو ئاگاداری باوكو براکانی زاواکەی دەکاتەوە، لەخراپ مامەڵەکردنو دڵڕەقیو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی، بەڵام



## ئەیانەوێ بۆ دۆزەخێکی نەگریس پەلکێشم کەن

ئەوان وەك هەمیشە گوێ بە داواکەیان نادەنو لەوەڵامدا دەڵێن: کوڕەکەمان کەم ئەقڵەو نابێ لێی بگرن. دایکی (ه) هەر سوورە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکەو لێپرسینەوە لەخراپ رەفتارکردنی زاواکەی بەرامبەر بە کچەکەی. (ت) کە برا گەورەی زاواکەیانە بڕیار دەدات (ه) بەشێوەیەکی کاتی لای دایکی بمێنێتەوەو براکەشی لەماڵی باوکی، بەڵام (ه) سوور دەبێ لەسەر جیابوونەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەك کاتی. بە هەرحاڵ ئاسۆیەك لەژیانی (ه) بەدی کرا، ئۆخەی ئیتر (ه) ئێستا هەست بەئارامییەك دەکات لەماڵی دایکی، ترسو لەرزی لەسەر نەماوە و ئازارو ئەشکەنجە نادرێو شەوان بەبێ ترس دەخەوێ، بەڵام کێشەکە لێرەدایە، ئەو پیاوە (ه) تەڵاق نادات، (ه) دەترسێو ژیانی لە مەترسیدایە، لەوەش خراپتر رۆژێك کەسوکاری مێردی بێنو بیبەنەوە، دڵنیاشە بە چوونەوەی کۆتایی ژیانیەتی، داوادەکات چارەسەری ئەم رەوشەی بکرێت، هەرگیز رازی نابێ جارێکی تر ژیان لەگەڵ ئەو پیاوە بەسەر بەرێ، کە مەترسی لەسەر ژیانی دەکرێت، ئەوانیش دەستبەرداری کچەکە نابن، چار چییە؟ (ه) نەدەوێرێ سەنتەرێکی ئافرەتان ئاگادار بکاتەوە، نە لە دادگا سکاڵا لە دژیان تۆمار بکات، باشترین شوێن کە نهێنییەکەی ئاشکرا نەبێت (کۆوار)ە، ئەو دەڵێ: کە ئەوان هاتن پەلکێشم بکەن بۆ ئەم دۆزەخە نەگریسە من کاردانەوەم چی بێ؟ چی بکەم؟ چۆن خۆم لە دەستیان رزگار بکەم؟ کەسم نییە بەرگریم لێ بکات؟ دەپرسین کێن ئەوانەی (ه)ی پاکیزەیان تووشی ئەو رەوشە نالەبارە کردووە؟ کێ چارەسەری بۆ دەکات؟

* ئەمە نامەی واقیعیانەی ئافرەتێکی دیکەی قوربانی هەڵسوکەوتو دابونەریتی پاژڤەرۆیانەی کۆمەڵگای کوردییە، ئەو کە ناوو ناونیشانی راستەقینەی لەلامان پارێزراوە، بۆ خستە رووی ئازارو خەمە سەختەکانی پەنای هێنایە بەر( کۆوار)، هەوڵدەدەین بۆ ژمارەی داهاتوو دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە والأبکەین.

کۆوار

# گرفتی من..

**لە بەر** ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە لە کێشە و ئاستەنگ و دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفت و ئاریشە کۆمەلآیەتییەکان لە زۆر لاوە رووبەڕووی خێزانی کوردی بوونەتەوە، بەتایبەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی منداڵ وگەنج و ژنان و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، ( کۆوار ) بەچاکی زانی، دوو لە لاپەڕەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵدەدەین لەڕێی پسپۆرانی پەیوەندار بەرسە کۆمەلآیەتییەکان و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە زانستییەکان لە رێی ئینتەرنێت پرسیارەکان وەلآمی پێویستیان هەبێت.

سروە کەریم مستەفا

*من گرفتێکم هەیە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، ئەز لاوێکی تەمەن (24) ساڵیمو دەرچووی زانکۆم، لە یەکێك لە کۆمپانیاکان کاردەکەمو باری ئابووریم باشە، پێش( 6 ) ساڵو کاتێك تەمەنم (18) ساڵان بوو. کچێکی تەمەن (16 )ساڵانەم ناسی، ئەوکات لە رێگەی کۆمەڵێك برادەر، کە بۆ گاڵتەپێکردن تەلەفۆنیان بۆ دەکرد، من ژمارەی تەلەفۆنەکەم لێوەرگرتنو پاش ئاخاوتنێکی زۆر، توانیم لەو دۆستە خراپانەی دوور بخەمەوە.
ئێمە کاریگەری زۆرمان خستە سەریەك، ئەمەش لە رێگەی قسەکردنێکی زۆر بەهۆی تەلەفۆنو گفتوگۆیەکی نایاب، ئیتر یەکترمان خۆشویستو ئەمیش هانی دام بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنم بدەم. تا وای لێهات چوومە زانکۆ لە شارێکی دیکە، بەردەوام نامەو تەلەفۆنمان هەبوو.
رۆژێك نامەیەکی بە پەلەی بۆناردمو گوتی خوازبێنیم هاتووە و باوکم بە زۆر بە شووم دەدا، گەلێك ناڕەحەتی کردم، بۆیە بڕیارمدا بەخێرایی بچمە خوازبێنی، پاش هێنانو بردنێکی زۆر، ئەوانیش رازی بوون بیدەن بە من، بەو مەرجەی کە خوێندنم تەواو بکەم، ئەوکات ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك بهێنم. پاش ئەو ماوە دوورو درێژە خوێندنم تەواوکردو لە کۆمپانیایەك دامەزرامو بڕیارمدا ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵدا پێك بهێنم. قسەمان لەسەر چوونە پێشەوە کردو ژوانمان دانا، کە بۆ هەفتەیەکی تر مارەی بکەم، بەڵام بەر لەو ژوانە، رۆژێك لەدەرەوە لەگەڵ کوڕێکم بینی لە پیاسەکردن بوو، من ویستم بزانم ئەو کوڕە کێیەو شەو بە تەلەفۆن لێم پرسی، کەچی ئەو حاشای کردو گوتی من نەبووم (لە کاتێکدا کە بەچاوی خۆم بینیم).
بۆ رۆژی دووەم لەگەڵ دایکی قسەم کرد، کە ئافرەتێکی دیندارە، خۆی لەخوا نەکردو گوتی راست دەکەیتو منیش زانیومە چەند جارێکی دیکە لەگەڵ کوڕی دیکە چۆتە دەرەوە. بۆیەش من بە تەلەفۆن ئاگادارم کردەوە کە تۆڵە بستێنمو بە باوکی بڵێم، بەڵام ئەو گریا..
هەرچۆنێك بێت بێدەنگیمان لەمارەکردنی کردو ئێستاش خۆشمدەوێ، بەڵام ئەزانم کە خیانەتی لێکردووم، نازانم چی بکەم؟ پاش (6 )ساڵ خۆشەویستی رەنگە وازهێنان قوڕس بێت، لێرەدا دەپرسم هەموو شتێك رەش بکەمەوەو لە گوناهەکانی خۆش بمو جارێکی دیکە رابردوو لەبیر بکەم، یان تۆڵەی لێبکەمەوەو بە باوکی بڵێم، یانیش جارێکی دیکە بە بێدەنگی بهێڵمەوە؟
_ لەنامەکەتدا پیاوێکی هێمنو بە سەبریت، بەڵام نازانم بۆ هێندە خۆش باوەڕو غەریبی؟ لە کاتێکدا کە قوربانیت لە زانکۆ بۆ داوەو چوویتە پێشەوەو لە رابردووی خۆش بوویتو سەر لەنوێ لە سفرەوە لەگەڵی دەستت پێکردۆتەوە.
برادەری ئازیز، کێشەی خیانەت دژوارە، ، تکایە هێندە خۆشباوەڕ مەبە، کارێکی باشت کردووە کە لە سەرەتا ئامۆژگاریت کردووەو لە رابردووی خۆش بوویت، بەڵام کاتێك دەزانی کە هەفتەیەك پێش مارەکردن لەگەڵ کوڕێکی تر چۆتە دەرێو دایکیشی دەڵێت بەردەوام وابووە. ئەوە خیانەتە خیانەت، بۆیە وریابە ئەمڕۆ پەشیمان بیتەوە نەوەك بەیانی.
دەست خۆشیت لێدەکەین، گرفتەکەت بۆ ناردین، نەوەك بەو خۆشباوەڕیە بکەویتە گرفتی ترەوە، ئەگەر ئەوەی بۆت نووسیوم، دڵنیایت لە کردەوەکانی، تکایە دەست هەڵگرەو ژیانی داهاتووت قوربانی کەسێك مەکە، کە خیانەتت لێدەکات، تۆ ئەوەی لەسەرت بوو لەگەڵت کردووەو یارمەتیت داوەو خۆشەویستیت پێ بەخشیوە، بەڵام ئەو نا!! مادامەکێ هەفتەیەك





بەر لە مارەکردنی لەگەڵ کوڕان چۆتە دەرەوە، دڵنیابە واز ناهێنێ. دواتر ئێمە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و سۆزداری دەژین، تەحەمولکردنی خیانەت لەنێو کۆمەڵگە زەحمەتە.. تۆ جارێ لاوێکی تەمەن (24) ساڵانی و زۆرت بەبەرەوە ماوە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەین کە وازبهێنیت و ئەگەر پێویستیشی کرد هۆکارەکەی تەنها لای دایکی باس بکە، (چونکە خۆت وتەنی دایکی خۆی لە خوا ناکاو ئاگاداری ڕووداوەکانی کچەکەیەتی).

بیریش لە تۆڵە مەکەرەوەو هەوڵیش بدە بڕیار بدەیت و چیتر تەلەفۆنیشی بۆ نەکەیت، چونکە ئەو جۆرە کەسانە لە بەرامبەر سۆزدارێکی وەکو تۆ دەتوانن جارێکی تر فریوتان بدەن.

*گرفتی من ئەوەیە پەیوەندییەکی ڕۆحیم لەگەڵ ئەو ئافرەتە هەیە، کە یەکەم جار بینیم و خۆشم ویست. خۆشەویستییەك لەناخمەوە سەری هەڵداوەو بەوپەڕی ڕاستگۆیی بوو، بێ ئەندازە قوربانیم بۆ دا. بە ئەندازەیەك هەر لە بەر خاتری ئەو دەیان شتم کردووە، کە خۆم ئارەزووی ناکەم، من دوو ساڵ چوومە دەرەوەی شار بۆ کاری مامۆستایەتی، ڕۆژێك ئەگەڕامەوە، زانیم کە پەیوەندی لەگەڵ کوڕانی دیکە هەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی زیاتر لە برادەرێك، بەڵام من توانیم لێی خۆش بم، کەچی پاش لێ خۆشبوونەکەش هەمدیسان بیستم کە بەردەوامە لە قسەکردن بە تەلەفۆن لەگەڵ کەسانی تر. من چەند جارێك لە ژوانەکاندا ماچم کردووە، کاتێکیش پرسیومە کە بۆ وا بە ئاسانی ماچم دەداتێ، پێی گوتومە "خۆشم دەوێی"!.

من نازانم چی دەکەم، بەڵام ئەزانم کە بێئەندازە خۆشم دەوێ و ناتوانم لە بیری بکەم، تا ماوەیەك بەر لە ئێستا لە ڕێگەی تەلەفۆن پەیوەندیمان هەڵوەشاندەوە، بەڵام بڕیارماندا کە برادەرانە بەیەکەوە بژین. هەرچەندە کاتێك تەلەفۆن دەکەین ئەزانین کە یەکتریمان هەر خۆش دەوێت. ئێستا نازانم چی بکەم؟ ئایا خوازبێنی بکەم؟ یان نا؟، لەوەش دەترسم لە دوارۆژ ژیانمان تێك بچێ و خۆشەویستی نەمێنێ، یان خیانەتم لێبکات و نەتوانم رابردووی لەبیر بکەم، لە کاتێکدا تا دوورترین شوێن خۆشم دەوێ و ناتوانم لەبیری بکەم، تکایە ئامۆژگاریم بکەن؟ پێویستیم بە چارەسەرە.

– سوپاست دەکەم، کە ئەو گۆشەیەی (گرفتی من) دەخوێنیتەوەو پێت وایە، کە ئێمە دەتوانین کەمێك چارەسەری گرفتەکان بکەین، ئێمە زۆرجار گوتومانە (خۆشەویستی شتێکە، ژیانی هاوسەریەتی شتێکی دیکەیە!) بۆیەش بمانبوورە لەو نووسینەدا ئەزیەتت دەدەین و داواشت لێدەکەین لە کاتی خوێندنەوەی ئەو وەڵامە واقیع بین بی و سۆز کەمێك وەلاوە بنێ.

لە خۆشەویستی دا، مرۆڤ خاوەن عەقل نییەو هەمیشە بەو چاوە سەیری دونیا دەکات کە چاوی سۆزە، سۆزیش هیچ نابینێ، جگە لە جوانییەکانی خۆشەویستەکەی نەبێت. کاتێکیش ماچت بە ئاسانی پێدەبەخشێت و لەگەڵ کەسانی دیکەش پەیوەندی دەبەستێ، جێگای پرسیاری منە، لێرە لە سەر ڕووناکی نامەکەی تۆ دەدوێم بۆیەش دەڵێم (ئەگەر لەو ڕاستیانە دڵنیایت) وریابە، چونکە ژیانی هاوسەریەتی لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و ڕاستگۆیی بنیاد دەنرێ، نەك خیانەت، بۆیەش تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبین کاتێك پێمان وابێت، کە دەتوانین لە دوارۆژدا لە گەڵ ئافرەتێك بمرین خیانەتکار بێت، من لێرە ناتوانم ئامۆژگاریت بکەم، هێندەی ئارەزوومە ئاگادارت بکەمەوەو ڕێگەی تەندروستت نیشان بدەم. دەبێت چی بە قەد ئەوە ناخۆش بێت، نەتوانیت رابردووی ئافرەتێك لەبیر بکەین و لەگەڵیشی بژین ( تۆ دەڵێیت ئەترسم لە دوارۆژدا نەتوانم رابردووی لەبیر بکەم) منیش هەست دەکەم. بۆیە وریابە، خۆشەویستی زۆرجار ترسناکە، ڕەنگە تۆ تەنها پێی سەرسام بوو بیت و سەرسامیشت بۆتە خۆشەویستی، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان (خۆشەویستی و برادەرایەتی و سەرسام بوون). ئەوەی لە نێوان ئێوەشدایە، پڕکردنەوەی بەشێکی بۆشاییەکانە، چونکە کاتێك تۆ دەزانی پەیوەندی لەگەڵ کوڕانی دیکە هەیەو پاش ئەو هەموو خۆشەویستییە داوای برادەرایەتی لێدەکەیت، کەواتە ناتوانی دەستبەرداری بیت، دڵنیات دەکەمەوە دەبێت بە لۆژیك و واقیعی بڕوانیتە مەسەلەکان، نەك بەچاوی سۆزوخۆشەویستییەوە، ئایا تۆ دەتوانی هەرچی ڕابردووی ئەو هەیە لەیاد بکەیت و لە ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵی بەردەوام بیت؟، دەتوانی گرێنتی ئەوە بدەیت کە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی دیکە نەگرێ؟

ئەم وەڵامانە لای تۆ ئاشکران، بۆیە نامانەوێ تووشی قەیرانی بیرکردنەوەت بکەین و زیاتر بکەویتە گومانەوە، هێندە نەبێت، کارێك مەکە پەشیمان بیتەوە، بە تایبەت بۆ ژیانی هاوسەریەتی. مادام تۆ دەزانی بەردەوامە لە پەیوەندییە خۆشەویستیەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەو لەسەر حیسابی تۆ، واچاکە مەنتقی بڕیار بدەیت و خۆت نەخەیتە ژاوەژاوێکی گەورەی پڕ سەرئێشە.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

**بۆ** ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سێکس و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (کۆوارا) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوە و ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێک راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

***بەم دواییە هەستم کرد کە خوێن لە (مەنی)م دێتە خوارێ، لەگەڵ ئەوەی من گەنجێکی( 25) ساڵانەمو زۆربەی شەوان بەدەست فشاری خوێن دەناڵێنم، بۆ زانیاریشتان من بەدەگمەن نەبێت مومارەسەی سێکسیو جووت بوون ئەنجام نادەم. ئەمەش گرفتی لەگەڵ خێزانەکەم بۆ دروست کردووم، بەلام لەسەردەمی هەرزەکاریم، زۆر کاری خۆ بەتاڵ کردنەوە و یاری کردن بە دەزگای سێکسیم ئەنجامداوە (لە رۆژێکدا (3-5)جار، ئایا ئەمەی ئێستا پێوەی دەناڵێم (پرۆستات) نییە؟ ئەی چۆن دەتوانم خۆم لەم نەخۆشییە رزگار بکەم؟**

– بوونی خوێن لە شلەی (مەنی) Hematospermia زۆر هۆکاری هەن لەوانە:

– هەوکردنی پرۆستات

– هەوکردنی (مەنی)

– هەوکردنی بۆڕی میز

– 50٪ حاڵەتەکانیش نادیارن

– بەشێکی کەم لە هۆکاری خوێن لە (مەنی) دەگەڕێتەوە بۆ شێرپەنجە، ئەمەش سۆنەر دیاریدەکات لە رێگەی پرۆستات، بەلام دڵنیابە ئەمە بۆ تەمەنی تۆ مەترسیدار نییە.

زۆرجار دابەزینی خوێن (PRIMARY) کە خوێن لەگەڵ میز نارژێت، بەبێ دەرمان چارەسەر دەکرێت، بەلام دابەزینی خوێنی ناوەندە (SECONDARY) کە گومانی نەخۆشیەکی دیاری کراوی لێدەکرێو لەگەڵ میز بە بەردەوامی دەرژێ، پێدەچێ هیمۆفیلیا، یان نەخۆشی جگەر بێت.

***من ئافرەتێکم بەردەوام قسە لەگەڵ دەزگیرانەکەم دەکەم، قسەکانیش زیاتر دەربارەی کرداره دوارۆژییەکانە!! لەکاتی قسەکردن دەربارەی سێکس، شلەیەکی زۆر لە دەزگای سێکسیم دەرژێ، جارێکیان بۆ( 4) جار لەسەریەك ئەو شلەیە دابەزیو هەستم بە گەرمایەکی زۆر کرد لە نێو دەزگای سێکسیم.**

– لەکاتی رامووسانو قسەکردنو کاریگەری سێکسی، شلەیەك لە دیواری دەزگای سێکسی دادەبەزێ، لەگەڵ چەند وردیلەیەکی بچووك لەسەرەتادا، ئەمەشیان رێگە خۆشکەرە بۆ جووت بوونو دەبێت شلەکە بڕژێ، کەواتە هیچ مەترسیدار نییە، بەڵکو سوودمەندە.

***کێشەی من ئەوەیە تەنها خاوەن یەك هێلکە گونمو تەمەنیشم( 17 )ساڵانەیە. ئایا ئەمەیان لە دوارۆژدا و لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی کێشەم بۆ دروست دەکات؟ ئایا دەتوانم وەك باوك منداڵ بنێمەوە؟**

– بوونی تاکێك گون هیچ کێشەیەکت بۆ دروست ناکات، بەمەرجێك سەلامەت بێت، رێگات پێشاندەدەم کە بچیت بۆ پشکنینی (مەنی)یت، بۆ ئەوەی بزانیت ئەو هێلکەگونەی هەتە تەندروستە یان نا؟

***من ئافرەتێکی تەمەن( 31 )ساڵانەمو شووم بەپیاوێکی خاوەن ژن کردووە، ساڵێکە ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێناوە، تا ئێستا سکم پڕ نەبووە، کاتێکیش پشکنینی تەندروستیم کرد، پێیان گوتم کە گرێی بچووك لەمنداڵدانت هەیە، دکتۆرەکەشم بۆئەوەی منداڵمان بێت ئامۆژگاری کردم، کە دەبێت مێردەکەم هەموو شەوێ یان دووشەو جارێك لەگەڵم جووت بێت، بەلام مێردەکەم لەبەرئەوەی خاوەن ژنێکی دیکەیە، ناتوانێت ئەو میکانیزمە پەیڕەو بکات، لە کاتێکدا من لە تەمەنی (12) ساڵییەوە تاکە ئارەزوویێکم ئەوەبوو ببمە دایك، تکایە چارەسەرم دەوێ؟ تکایە؟**

– ساڵێك شووکردن لە پێناسەی پزیشکی ماوەیەکی کەمە بۆ ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێ بوون بێیتو هێندە دڵتەنگ بیت بۆ منداڵ بوون. سەبر بگرە، چونکە دروست نەبوونی منداڵ هیچ پەیوەندی بەو میکانیزمەوە نییە، کە دکتۆرەکەت بۆی دا ناویتو هیچ پەیوەندیشی بەوە نییە، کە مێردەکەت خاوەن دوو ژنە!.



# ئاواز، قوربانیی حەزی چاوچنۆکانەی پیاو!

ڕێبەند سەعدوڵڵا

**لەژمارە** (8)ی (کۆوار)دا، باسی (بێگەرد)م گێڕایەوە، بەڵام دیارە کە بێگەرد بەتەنها نییەو کچانی دیکەش وەکو بێگەرد ژیانیان پارچەیەکە لە خەمو نیگەرانی، ئافرەتی دیشمان هەن لە باوەشی کۆمەڵگا جێیان نابێتەوە، یان جێیان بەرتەنگو لەنشێوە.

کەم کەس باسی مەرگەساتی ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵگایە دەکەن، لێرە بۆ ئەوان ژیان مەرگە! ژیانی ژمارەیەکی زۆری مێیینەکان، ئەوانەی لەپیاو بێ هێزترن و بەیاسای دارستان پەلامار دەدرێن و مافیان دەخورێت... لێرە زۆربەیان بوونەتە قوربانی حەزی چاوچنۆکانەی پیاو....، بەڵام باشیشە ئەم کۆمەڵگایە لەم حاڵەیدا دەزانێ بەردەوام بوون و نوێبوونەوە چییە! لە دەمێکدا چەپۆکی سوور و مێشك و هزرە کۆنەکان باڵادەستن، بیرکردنەوە بۆگەنەکان و مرۆڤە جاهیلەکان بڕیار دەرن! ڕەفتاری بەدو هەڵوێستی چاوەڕوان نەکراو لەکەسە کۆنەکان ڕەنگ دەداتەوە، نەوەك لە گەنج و هەرزەکاران، کۆن و ڕزیوەکانن ئاوێنەیەکی نائەمین و تەڵخن!

دەبا گوێ بۆ نۆتەکانی (ئاواز) ڕادێرین و بزانین چ مۆسیقایەکی مەرگ دەژەنێ، چ ئەشکێکی خەڵەتێندراو هەڵدەڕێژێو باجی چ تاوانێکی نەکراو دەبژێرێ؟

* ئاواز قوربانییەکی دیکەیە، ئەویش لەبنکەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانی هەولێرە و تەمەنی (18) ساڵە، بەڵام بەسەرهاتەکانی هێند زۆرن، مەگەر بەساڵاچوویێك هێندەی دیبێ، با بزانیین سەربوردەی ژیانی خۆی چۆن دەگێڕێتەوەو خۆی چی دەڵێ:

## منداڵێکی گوناه

_ ناوم (ئاواز)ە، لە ساڵی (1988)دا دایکم بە من دووگیان بووەو کاتێ کە من لەسکیدا (2) مانگە بووم، باوکم لە کاتی ناوبژیکردنی شەڕی دوو کەسدا کوژراوە، تەنها پاشی (4) مانگ شووی بەپیاوێکی دیکە کردۆتەوەو لەگەڵ لەدایکبوونیشمدا دراومەتە دەست داپیرەم (دایکی دایکم) و ئەو تا ئەم دواییەش بەخێوی کردووم. برایەکی بەساڵێك لە خۆم گەورەترم هەیە، ناوی (ئەحمەد)ەو ئەویش لەلای منو داپیرەمە. ئەو کاتە ماڵی داپیرەم لە شارۆچکەی (ك) بوو، لە یادم نییە کەی فامم کردووە، بەڵام دەزانم کە دراوسێکانمان سکیان پێم دەسووتاو بەمنداڵێکی گوناهیان دەزانیم، لەگەڵ ئەوەشدا من هەستم بەوە نەدەکرد کە باوکم نییە، یان لەلای دایکم ناژیم.

دوای چەندین ساڵ ژیان لە (ك)، لە ساڵی (2001) هاتینە شاری (ه)، بەڵام نەمانتوانی خانوو بکڕین، بۆیە لە خانووی کرێ دەگەڕاین، تا ئەوکاتەی سەربانێکی بەتاڵمان دۆزییەوە، ئەم خانووە هی ژن و مێردێك بوو، کەچەند ساڵ بوو منداڵیان نەدەبوو، ئەوان لە خوارەوە بوون و ئێمەش لەسەرەوەی خانووەکە لە دوو ژووردا دەژیاین، پیاوەکە ناوی (سامان) بوو، لەدایکبووی (1974) بوو. من لەو کاتەدا قوتابی (6)ی سەرەتایی بووم، زۆربەی بەیانییان کە دەچوومە قوتابخانە، سامان لە حەوشەکە تا دەگەیشتمە دەرگای دەرەوە تەماشای دەکردم، زۆر جار بەئۆتۆمبێلەکەی بەدوام دەکەوت و موراقەبەی دەکردم، نەمدەزانی بۆ وا دەکات؟ زۆر سەیری دەکردم و چاوی لێ نەدەبڕیم، من ئەم ڕۆژانە شەرمم دەکرد و بەحاڵ خۆمم لێ دەدزیەوە.

## مێرد بە کەسێك ناکەم ژنی هەبێت

_ بەیانییەکی زوو هاتمە خوارەوە تا بچمە قوتابخانە، بەڵام ئەوەی بیرم لێ نەدەکردەوە بەسەرم هات، وەکو زۆربەی ڕۆژەکان سامان لەلای سەیارەکەی وەستابوو، سەیر تەماشای دەکردم، تووڕە دیار بوو، کە لە قاڵدرمەکان هاتمەخوار، وەك ئەوەی دڵم خەبەری دابێ، بەترسەوە بەرەو پێش ڕۆیشتم تا گەیشتمە دەرگای دەرەوە، لەپڕ دەستی خستە سەر دەرگاکە و گوتی ڕاوەستە ئیشم پێتە، ئاوڕم دایەوە، زانیم سامانەو بەهێواشی بەدوام کەوتووە و شتێکی دەوێت.

سامان شانی گرتم و پێی گوتم: خۆشم دەوێی و دەمەوێ بتهێنم، خۆ ژنەکەم منداڵی نابێ و هەر دەبێ ژنێکی دی بێنم، ڕازی بە مێردم پێ بکە، چیت دەوێ بۆت دەکەم.

ئەو هەر قسەی دەکرد و منیش خەریك بوو لەترسان ڕۆحم دەربچێ، زارم وشك ببوو، هێند شەرمم دەکرد، نەمدەتوانی سەرم بەرز بکەمەوە، بۆیە بەحاڵ دەستیم لەسەر شانم لادا و دەرگام کردەوەو چوومە دەرێ، نازانم چۆن گەیشتمە پۆلی قوتابخانە، سەیری قوتابی و هەڵسوکەوت و پێکەنین و قسەگێڕانەوەی هاوڕێکانم دەکرد، دەمزانی ئیدی من وەکو ئەوان نییم، زانیم کە سامان دەیەوێت بمکاتە ژنی خۆی تا منداڵم ببێت، کەواتە من منداڵ نەمابووم، گەورە ببووم!

نیوەڕۆ بۆ ماڵ بەڕێ کەوتم، چاوەڕێم کرد دیسان سامان لەحەوشەکە بێت و ڕێگام لێ بگرێ و باسی ئەو شتانەم بۆ بکات، بۆ ئەوەی منیش وەڵامی بدەمەوەو پێی بێژم کە من مێرد بەکەسێك ناکەم ژنی هەبێت.

## شەڕی بەیانیان

_ ببووە عادەتی، هەموو بەیانییان سامان دەهاتە سەر ڕێگام و بەتووڕەییەوە دەستی دەگوشیم و دەیگوت: دەبێ ڕازی بی و مێردم پێ بکەی، ئەگینا بۆ خۆم دەزانم چیت لێ دەکەم! منیش هەر دەمگوت مێردت پێ ناکەم تۆ ژنت هەیە، بۆیە ئەویش دواتر پەیمانی دامێ کە ژنەکەی تەڵاق بدات بۆ ئەوەی من ڕازی بکات.

من بەو قسەیەی سامان تۆزێك نەرمتر بووم و خەریك بوو قایل دەبووم، چونکە ئەگەر واشی نەگوتبا لەوانە بوو هەر قایل بووبام، ئەو زۆری لێ دەکردم و دەشترسام خەڵك بزانێ و حەیام بچێت، ڕۆژێکیش بەداپیرەم گوت ئەو پیاوە زۆر تەماشام دەکات و قسەی



باوەڕم بەکەس نەماوەو هەمووان مرۆگەلی زاڵمن

وام پیَ دەڵیَ، بەڵام داپیرەم پێی گوتم، کە ئەو پیاوێکی گەورەیەو ژنی هەیە، چ کاری بەمنداڵێکی وەکو تۆیە!؟

ڕۆژێك لە ڕێی قوتابخانە بووم، سامان سەیارەکەی لەبەردەمم ڕاگرتو گوتی سواربە، منیش ترسام و لەگەڵی سوار بووم، ئەو کاتە دەستەخوشکەکانم دەچوونە قوتابخانەو لێم دیار بوون، ئەمە زیاتر منی ترساند، سەری خۆمم گرتبوو تا نەمبینن، لەهەمان کاتیشدا دڵنیابووم لەوەی خەڵك وا دەزانن سامان مامەیان خاڵمە، ئەو پیاوێکی تەواو گەورە بوو، لە کاتێکدا من هێشتا منداڵ بووم. دیسان لەناو سەیارەکە پەیمانەکەی دووبارە کردەوەو دڵنیای کردمەوە، کە ژنی خۆی تەڵاق دەدات و من داخوازی دەکات.

## ( 5 ) ساڵ خۆشەویستی

_ لە دوای ئەو ڕۆژەوە خۆشەویستی سامان دایپۆشیم، ئەو ببووە هەموو شتێکم، هەموو دەم لەژوورێکی سەربانەکە چاوەڕێی ئەوم دەکردو بەتەنها گوێم بۆ هۆڕنی سەیارەکەی هەڵخستبوو، بەڵکو کە هاتەوە لەسەر دیواری سەربانەکەوە بیبینم. ماوەی (5) ساڵ خۆشەویستی ئێمە بەردەوام بوو، بیَ ئەوەی ئاکامێکی هەبێت، من ئەوەندەم دەزانی کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاترم خۆش دەوێت و قووڵتر بەناخمدا ڕۆدەچێتە خواریَ، گیرۆدەی بیستنی دەنگوبینینی بووم، وام دەزانی ژیانم بۆ ئەوەو بۆ ئەو دروست کراوم، لەم هەموو ماوەیەدا ئەو هیچی نەکرد بۆ جوودابوونەوەی لە ژنەکەی، بەڵام هەمیشە دەیگوت: بێزارم لەم ژنەمو نازانم چۆن ئەو بەڵایە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە.

## بەشەرتی منداڵ نەبوون

_ منداڵ نەبوونی خێزانی سامان تاکە چانسی من بوو، تاوەکو لە دەرفەتێکدا سامان تەڵاقی بداتو من بخوازێت، بەڵام ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات و ببێت، ڕووی دا. لەو ماوەیەدا نەنکم بەتەنگ خێزانی سامانەوە بوو، تاوەکو بیباتە لای شێخ و پیاوچاك و نوشتەچییان، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ ببیننەوەو منداڵی ببێت، هێندەم زانی ڕۆژێکیان نەنکم وەك ئەوەی خەبەرێکی خۆشم بداتیَ، پێی گوتم کە ژنی سامان دووگیانە!

ئەو خەبەرە دڵی سارد کردمەوەو وام زانی ئیدی ناژیم و سامانیش بەجێم دێڵیَ، بەڵام وا نەبوو، سامان نەك هەر لەسەر خۆشویستن و پەیوەندی من سارد نەبووەوە، بەڵکو گوتی هەر دەتهێنم و منداڵبوون کێشە نییە.

سامان دڵخۆشی پێوەدیار بوو بەمنداڵەکەیان، بۆیەشە من چەند جارێك لێم دووبارە کردەوە، کە حەز دەکەم وازم لیَ بێنیَو خەریکی خێزانو منداڵی خۆی بێت، بەڵام ئەو بەقسەی نەکردمو بەردەوام بوو لەگەڵم، ئەوەی لەبیرمە لەو کاتە بەدواوە کەسمان وەك جاران نەمابووین، وەك ئەوەی نهێنیەکمان لە نێواندا بێت، تەنانەت وەك ئەوەی کەسێك هاتبێتە نێوانمانەوە ڕەفتارمان دەکرد، بیَ گومان ئەو کەسەی هاتبووە نێوانمان و کۆسپی بۆ دروست کردبووین منداڵەکە بوو، ئاخر پەیوەندی ئێمە وەك ئەوە بوو، کە پێشتر بەشەرتی منداڵ نەبوون قسەمان کردبێت.

## تۆ بۆ منی، وازت لیَ ناهێنم

_ لە پێشەوە گوتم کە باوکم لە کاتی ناوبژی خەڵك کوژراوە، بەمەش ئەوانەی باوکمیان کوشتبوو ویستیان بێنەپێش بۆ سوڵحی عەشایەری، چونکە تا ئەو کاتەی براکەم گەورە بوو، کەس مەسەلەکەی نەهێنابۆوە گۆڕیَ و باسی نەکرابوو. ماڵەکە هاتنە پێش و دەستمان بەسوڵح کرد، داوای دوو دەفتەر دۆلارمان لەبەدەل خوێنی باوکم کرد، ئەوە بوو ئاخری لەسەر دەفتەرێكو نیو پێکهاتین، ئەو دەفتەرونیوەش دەبووە هی من و براکەم، واتە یەکەو نیوەمان.

خاڵم تەماحی لەو پارەیە دابوو، کە دەبووە بەشی من، بۆیە داوای منی کرد بۆ (قوباد)ی کوڕی، منیش هەر لەسەرەتاوە گوتم شتی وا نابێت و قەت مێرد بەقوباد ناکەم، چەندین جار بەبراکەم و نەنکم و خاڵم و دایکم گوت، کە من بۆ ئەم کوڕە نابم و قەت مێردی پیَ ناکەم.

ئەم جارە بەسامانم گوت کە شتێکی وا هەیە، ئەویش گوتی: بەهیچ شێوەیەك شتی وا قەبوڵ ناکەم، تۆ هەر بۆ منی و قەت وازت لیَ ناهێنم، ئەگەر بۆ منیش نەبی ئەوا دەتکوژم. بۆیە بەناچاری چووم بۆ نەنکم گێڕایەوە، کە سامانم خۆش دەویَ و چەند ساڵە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەیە، پێشمگوت کەقەت مێرد بەکوڕە خاڵم ناکەم، با خۆیان ماندوو نەکەن، ئەوەشم لەبیرە کە پێم گوت: (ئەگەر (50) منداڵم لە قوباد هەبێت، هەر دەگەڕێمەوە لای سامانو مێردی پیَ دەکەم).

لەو ڕۆژەوەی خاڵم زانی بەکوڕەکەی قایل نییم، دەستی کرد بەجنێوپێدان و لێدانی من، هەموو ڕۆژێك دەهاتە ماڵمان و لێی دەدام، دەیگوت تۆ هەر هی منی و، ئیللا لە کوڕەکەمت مارەدەکەم، ئەمنیش هەر دەمگوت نایکەمو قایل نابم. لەسەر ئەو خراپەکاریانەی خاڵم، بەبراکەمم گوت کە سوڵحەکە ڕابگریَ و جاریَ جێبەجێی نەکات، چونکە خاڵم دەیویست پارەکەم لیَ بدزێت! براکەشم بەقسەی کردم و سوڵحەکەی ڕاگرت.

## مارەبڕینی ئاواز

_ پاشی چەند هەفتە هێنان و بردنی من، تا قایل بم مێرد بەقوباد بکەم، ڕۆژێك خاڵم هات و گوتی هەر ئەم شەو لە قوبادت مارە دەکەم، مەلا و خەڵکم داوەت کردووە و ئەم شەو هەموو لایەك کۆدەبنەوە.

ئەو ڕۆژەم بەئازارێکی زۆر بەڕیَ کرد، چەند جار بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، بەڵکو لەم دەردەسەریە ڕزگارم بێت، زۆر زوو شەو داهات، هێواش هێواش ئاگرم لیَ نزیك دەبووەوە، وام دەزانی ئەم کارە سەرناگرێت و مەرگم دەداتیَ، بڕوام نەدەکرد یەك چرکەش بەرامبەر قوباد خۆم ڕابگرم، بەڵام خۆم ڕاگرت و لە ئاخریشدا بەتەواوی ڕووخام.

دوای مەغریب میوانەکان پچڕپچڕ دەهاتن و خەڵك کۆبوونەوە، ئەوەندەم لەبیرماوە، کە پێیان گوتم ئێستا تۆ ژنی قوبادی و پیرۆزباییان لێ کردم. سامان کە زانی مارە کراوم، خەریك بوو شێت بێت، دەیگوت چۆن قایل بووی؟ منیش پێم گوت بەدەست خۆم نەبوو، ئەگەر نا دەیانکوشتم! سامان هەر تەئکیدی دەکردەوە لەوەی قەت بەجێم ناهێڵێ و نایەڵێت ببمە خێزانی کەسێکی تر.

پاشی چەند ڕۆژان ماڵی خاڵم بردمیان بۆ بازاڕ و کەلوپەلی بوکێنیان بۆ کڕیم، تا زووبەزوو بمگوازنەوە، ئەوە بوو ئاهەنگیان ڕێکخست و مەوعیدیان دانا.

من لەم ماوەیەدا زۆر هەوڵمدا خۆم لەگەڵ دەزگیرانەکەم بگونجێنم و سامانیش لە خەیاڵی خۆم دەربکەم، بەڵام قەت ئەوەم پێ نەکرا و بۆ یەك چرکەش سامانم لەیاد نەدەچوو، قوبادیشم نەدەهاتە بەر دڵی!

ڕۆژێکیان بۆ زەماوەند دەستنیشان کردو ئێوارەیەك ئاهەنگی گواستنەوەم لەیەکێ لە هۆڵەکانی ئاهەنگ گێڕانی هەولێر بەڕێوەچوو.

## شاباشی ڕۆژی زەماوەند

_ من لەسەر کورسییەکەم بەماتی دانیشتبووم، لەگەڵ دەنگی مۆسیقا و گۆرانییەکان، چەند جارێك ناوی سامانم کەوتە بەرگوێ، پێم سەیر بوو، نەمزانی سامان لەوێیە، ئاخر سامان بەچ عەقڵێك دەهاتە ئاهەنگی من! کە دەهاتیش نەدەبوو شتێکی وا بکات، ماڵی خەزوورم هەست بکەن عیلاقەی لەگەڵ من هەبووە.

سامان چەندین جار لەناو ئاهەنگەکە شاباشی دەکرد، هەر جارەی بەناوی من و بەناوی خۆی دەکرد، واتە لەسەر شەڕەڤ من شاباشی دەکرد! ئەوە بوو لەو کاتەوەڕا خەزوورم کە دەکاتە خاڵم پێی زانی و بەیەکجاری هار بوو!

دوای ئەوەی چوومە ماڵی مێردم، بەیانی و ئێوارە خاڵم جنێوبارانی دەکردم و مێردەکەشم هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، تەنانەت قسەیەکیشی نەدەکرد! خاڵم هەموو شەوێ بەسەرخۆشی دەهاتەوەو جنێوی وای پێ دەدام، کە شەرم دەکەم بیگێڕمەوە! قسەی زۆر ناشیرین و بێ ئەدەبی پێ دەگوتم! دوای ئەوەش کە زانیبووی لە ترسی ئەو، سوڵحەکەم دواخستووە، دەستی بەلێدانم کردەوە و هەموو ڕۆژ بەهەوەسی خۆی لێی دەدام! ئاخر من لە هەموو ژیانم کەسێك جنێوی پێ نەدابووم، قەت نەنکم و براکەم لێیان نەدابووم، لەو ژیانە ڕانەهاتبووم هەموو ڕۆژ جنێوم پێ بدرێت و تێهەڵبدرێم!

## نابێ لێی جیا ببیەوە

_ چەند جارێك چوومەوە ماڵی نەنکم و پێم گوت ناگەڕێمەوە لای قوباد، چونکە ئەو پیاو نییە و دەسەڵاتی هیچی نییە! بەڵام نەنکم هەر دەیگەڕاندمەوە و دەیگوت قەیناکە تازە تۆ ژنی ئەو کوڕەی و نابێ لێی جودابیەوە. قوباد چەندین جار پێی گوتووم کە قۆندەرەی دایك و باوکی بەمن نادات! من چ دڵێکم بەو مێردەم خۆش بووبا؟

ئەم جارە دوای سێ مانگ قوڕبەسەری و خۆ خواردنەوە، چوومەوە لای نەنکم و ماوەی مانگێك لەکنی مامەوەو پێم گوت ئەگەر ئەم جارە بمگەڕێنێتەوە ماڵی مێردم ئەوا جارێکی تر نامبینێتەوە، یان خۆم دەکوژم یانیش دەڕۆم! بەڵام ئەم قسانەم کاری لە نەنکم نەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی بمنێرێتەوە، ئەو هەر دەیگوت شەیتان بەنەعلەت بکە، منیش ئەم جارە پێم گوت (بۆ خۆت بەنەعلەت بی، بۆ شەیتانی بەنەعلەت کەم! چیدی نەمنێریەوە ئەم ماڵە).

لەو ماوەیەی مێردم کردبوو، سامانیش سەری لێ نەدەبڕیم و ڕۆژێ دوو سێ جار سەردانی دەکردم و لە کۆڵانەکەمان پیاسەی دەکرد، بێجگە لەوەی تەلەفۆنیشمان بەردەوام بۆ یەکتری دەکرد!

من چەند جار بە سامانم گوتبوو، کە چیدی نەیەتە لام و وازم لێ بێنێت، بەڵکو دڵم بکەوێتە سەر قوباد و ئەوم لەبیر بچێتەوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە هاتوچۆ کردنم و نەیدەبڕیەوە! بۆیە منیش ناچار بووم خۆم تەسلیمی ئەو بکەم و بەتەمای ئەو بژیم و چاوم لەو بێت!

دوای ئەوەی ئاخرین جار لە لای نەنکم گەڕامەوە، بەیەکجاری بێزار ببووم، چونکە ئەو جارەیان خاڵیشم گوتی نابێ چیدی سەردانی نەنکت بکەی، بێجگە لەوەش ئەو ڕۆژەی چووبوومە لای نەنکم، مۆبایلەکەم لە ماڵێ لەبیر کردبوو، بەڵام خاڵم چووبوو لە بازاڕ فرۆشتبووی، بێ ئەوەی پرسم پێ بکات و قسەیەك بکات!



## یاخی بوون

_ دوای ئەوەی خاڵم مۆبایلەکەی فرۆشتم و نەنکیشم لە ماڵی خۆی ڕاینەگرتم، زانیم جگە لە سامان کەسی دیکەم بەدەستەوە نەماوە، ناچار بووم بڕیاری کۆتایی بدەم بەوەی لەگەڵ سامان سەرهەڵبگرم، بەیانییەك هەندێ جلوبەرگم ئامادە کرد و بێ پرسی کەس بەڕێکەوتم و چوومە سەر شەقامی شۆڕش و لەوێ مۆبایلم لە کچێك وەرگرت، کە لەسەر شەقامەکە وەستابوو، تەلەفۆنم بۆ سامان کردو پێم گوت ئەگەر منت دەوێت، هەر ئێستا وەرە ئەو شوێنەو چاوەڕێت دەکەم، ئەویش هاتە ئەوێ و پێی گوتم بچینە کوێ؟ منیش گوتم بەکەیفی خۆت بە، دەمبەیە کوێ بمبە!

هەر ئەو کاتی سامان بردمیە شارۆچکەی (س) و شەوی یەکەم لە ماڵی خزمێکی ئەو نووستین، بۆ بەیانیش خەبەرمان بۆ هات کە فرمانی گرتن (أمر قبض) مان بۆ دەرچووە، بۆیە خزمەکانی سامان گوتیان بڕۆنە کوێستانێ با نەگیرێن، ئێمەش هەر ئەو ڕۆژە ڕانەوەستاین و بەرەو دەڤەری (س) کەوتینە ڕێ، لە ماڵی خزمو کەسەکانی سامان گیرسایینەوە.

## جیابوونەوەیەکی دی

_ یەکەم شەومان لە دەڤەری (س) بەدەردەسەریەکی گەورە بەڕێ کرد، لە جیاتی ئەوەی بحەسێینەوە، خودا بەڵایەکی دیکەی بەسەر هێناین، سامان تووشی ڕیخەڵۆکەکوێرە هات، لە دەڤەری (س)یش چارەسەری نەدەکراو پێویستی بەنەشتەرگەرییەکی خێرا هەبوو، دەبوایە بچێتەوە شارۆچکەی (س) و لەوێ



نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام ئەو نەیتوانی بچێتەوە ناو شار نەوەکا بگیرێت، ئەوەبوو حەوت شەو و ڕۆژان لە تاو ئازارەکانی دەینالاند و لەمردندا بوو، پاشی حەوت ڕۆژەکەش ڕیخەڵۆکی تەقی و ناچاربوون بیهێننەوە هەولێر بۆ نەشتەرگەری، منیش لە دەڤەری (س) مامەوە، ماوەی دوو مانگی تەواو سامان لە نەخۆشخانە خەوێندرا و نەیتوانی هەستێتەوە، منیشی بەتەنها لە دەڤەری (س) جێهێشت، لەو ماوەیەدا شەوێکیان چەند پیاوێك بەچەکەوە هاتنە سەرم و لوولەی تفەنگەکەیان لەنێوچەوان کردم و گوتیان زڕباوکت ئێمەی ناردووە بتکوژین، **ئەوەتا پارەشی داوینیٚ، بەڵام قەیناکە ناتکوژین بەمەرجیٚ دوای سیٚ ڕۆژی دیکە لێرە نەمینێن**، من نازانم کیٚ ئەوانی ناردبوو، لەوانەیە خاڵم ناردبنی تا بمکوژن. دوای ئەو دوومانگە و هەڕەشەی کوشتنەکەم و هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵی کوێستان، هاتینەوە شارۆچکەی (س)، کە گەیشتمەوە ماڵەکەی خزمی سامان، بینیم سامانیش لەوێیە، ئەو وەك خۆی نەمابوو، بەڵکو حاڵی زۆر شڕ بوو! ئەو کات زانیم سامان تەنها بۆ ئەوە هاتووە من ببینێت، بۆیە دوای دیتنی من و لێکتر پرسین گەڕایەوە هەولێر و تا دوو مانگی دیکەش لەژێر چاودێری پزیشکان لە نەخۆشخانە مایەوە.

## کۆرپەیەك لە غەریبیدا

_ تەواوی ئەو ماوەیەی ئەو لە نەخۆشخانە مایەوە چوار مانگ بوو، لەو ماوەیەدا بۆم دەرکەوت کە سکم هەیە، بەڵام ئەم سکەم هی سامان نەبوو، بەڵکو هی قوباد بوو! بۆیە بەیەکجاری شێت بووم و ئاگرم تێبەربوو! نەمدەزانی چ بەڵایەکم بەسەردا هاتووە؟ خەبەرم بۆ سامانی نارد، ئەویش بەناچاری هاتەوە شارۆچکەی (س)، ئەو هێشتا چاك نەبووبۆوە، نەخۆشی زۆری پێوە دیار بوو، بەڵام بەهەر جۆریٚ بوو بڕیارمان دا بچینە کەورگۆسك و دووشەو لەماڵە خزمێکی ئەو لەوێندەریٚ ماینەوە، پاشان چووینە مەخموور و ماوەی چوار مانگی دیکە لەویٚ بووین.

## سوڵحی عەشایەری

_ کە چووینە مەخموور خزم و کەسی سامان کۆبوونەوەو تەکبیری سوڵحیان بۆ کردین، ئەوەبوو ماڵی خاڵم و ماڵی سامان دانیشتن و بە(80) وەرەقە و هەموو زێڕەکانی من سوڵحیان کرد، ئەو زێڕانەی منیش نیوەی زیاتر هی خۆم بوو، وەختی خۆی نەنکم و دایکم بۆیان کڕیبووم، بەم جۆرە سوڵح کرا و ماڵێکمان دانا، بەڵام سامان مارەی نەکردم و، چاوەڕیٚ بوو تەڵاقدانەکەم تەواو بێت و منداڵەکەشم ببێت!

## منداڵەکە لەچۆڵایی فڕیٚ بدە

_ لەو ماوەیەی دوای سوڵحەکە، لە ژوورێکی بەکرێی مەخمووردا دەژیاین و لەوێش منداڵەکەم بوو، دوای منداڵ بوونەکە چووینە کەورگۆسك، دوایی لەگەڵ براژنەکەی سامان ماڵمان بردەوە هەولێر، چونکە هیچمان لەسەر نەمابوو.

لە ماوەی سیٚ مانگی ژیانمان خودا بەدبەختیەکانی بەکۆتا نەهێنام و دەردی تاڵی دیکەی بۆ ڕەوانە کردم! دڵی سامانیش لیٚ تۆرا، ئەویش فیکری گۆڕا و پیاوەکەی جارانم نەما! موشکیلەی من و سامان لەسەر منداڵەکەمان بوو، ئەو دەیگوت **ئەو منداڵە هی من نییە و نابێت بەخێوی بکەیت، بڕۆ فڕێی بدە!** منیش دەمگوت دڵم نایەت فڕێی بدەم، ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم کێشەیە بەردەوام بووین و ئەو زۆری خۆ لیٚ تووڕە دەکردم و سوور بوو لەسەر ئەوەی بەدەستی **خۆم منداڵەکەم لەچۆڵایی فڕیٚ بدەم! هەر چەندە پێم لەجەرگی خۆم دەنا و پێم دەگوت تۆ فڕێی بدە و بەمن مەڵیٚ!** ئەو هەر دەیگوت ئەو منداڵە لەتۆ بووە و دەبیٚ تۆ لە کۆڵی بکەیتەوە! وای لیٚ هات سامان دەیگوت یان دەبیٚ منت بوێت یان منداڵەکەت! ئەگەر منت دەوێت لەلام بمێنەوە، ئەگەر منداڵەکەشت دەوێت ئەوا بڕۆ لای منداڵەکەت و من بەجیٚ بێڵە.

## من دەڕۆم، جارێکی تر نامبینییەوە

_ ئێوارەیەك سامان گوتی دەچمە ئەو دوکانە و پاکەتیٚ جگەرە دەکڕم، ئەو ئێوارەیە بووە شەو و نەگەڕایەوە، ترسێکی گەورەم لیٚ نیشت و تووشی دڵەڕاوکیٚ و لەرزین هاتم، خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو سامان لە ڕێگا شتێکی بەسەر هاتبێت و کەس ئاگای لیٚ نەبێت! زەنگی مۆبایلەکەم لەو خەیاڵانەی وەئاگا هێنامەوە و یەکڕاست هەستامە سەرپیٚ و (خودایە سامان بێت!) بەڵیٚ سامان بوو، بەدەنگی ئەلووی ڕۆحم هاتەوەبەر، بەڵام دوای ئەلوو خەبەری مەرگی دامیٚ و هێندەی هەموو ئازار و ستەمەکانی ڕابردوو لێم کرابوو، ئازاری دامیٚ و ستەمی لیٚ کردم، سامان **گوتی بۆ ئەوە تەلەفۆنم بۆ کردی تاوەکو چاوەڕێم نەکەی و تادونیا ماوە چاویشت بەمن ناکەوێتەوە، ئەوا من سەر هەڵدەگرم و تۆش بۆخۆت چی دەکەی بیکە!** لەو ڕۆژەوە سامانم نەدیوەتەوە، پاشی ئەو هەموو دەردەسەری و ناخۆشیەی تووشی کردم، تەنها لەبەر منداڵەکەم بەجێی هێشتم و ئەو هەموو خۆشەویستیەی لەژێر پێی نا!

## ڕەنگە بکوژرێم!

_ پاش چەند ڕۆژان لەماڵ بووم، چاوەڕێم دەکرد سامان پەشیمان بێتەوە، چونکە وام دەزانی غەریبیم دەکات و بیٚ من ناحاوێتەوە، بەڵام دیسان بەهەڵەدا چووبووم و سامان نەهاتەوە، بۆیە ناچار بووم بچمە مەرکەزی شورتە و شکایەتی لیٚ بکەم، کە بەجێی هێشتووم، لەو کاتەی ناوی خۆم وەك شکاتکەر تۆمار دەکرد، دەرکەوت کە هێشتا فرمانی گرتنەکەی پار ساڵم ڕەش نەبۆتەوە، بەڵام هی سامان ڕەش کرابۆوە! بۆیە پۆلیسەکان دەستبەجیٚ ڕەوانەی بنکەی چاکسازییان کردم و لەویٚ دەستبەسەر کرام.

لەوەتەی گیراوم برایەکەم هاتۆتە سەردانم و پێی گوتم کە سامان لە ئێرانە، بەڵام من باوەڕم نەکرد، چونکە ئەو کاتەی پێکەوەش ڕۆیشتبووین خەڵك هەر وایان زانیبوو لە ئێرانین، بەم دواییەش لە زاری خزمێکی سامانم بیستەوە، کە ئەو لە ئێران نییەو لێرەیە.

**تشرینی یەکەم**

**2006**

ئێستاش دەبێ بەکەفالەتی یەکێ لە خزم و بنەماڵەکەم ئازاد بکرێم، لەم ماوەیە برایەکەم هات و گوتی وەرە با لێرە دەرتبێنم و پێکەوە دەچینە ئەورووپا، بەڵام من باوەڕم پێی نەکرد، چونکە لەوانەیە درۆ بکات و بمکوژێ، ئەگەر ئەویش نەمکوژێت،ماڵی خاڵم یان زڕباوکم و خزم و کەسم هەر دەمکوژن، من کە هەڵەیەکی هێندە گەورەم کردبێت و ئێستاش سامان بەجێی هێشتبم چۆن لێم خۆش دەبن؟ خۆ کەسم نەماوە بەرگریم لێ بکات و پەنام بدات، من ئێستا بێ کەسم! ئەوەی خۆمم لە پێناوی کردە قوربانی منی لەژێر پێی دانا و کەس نازانێ لە کوێیە؟ خزم و کەس و کاری من و هی سامانیش هەموویان زاڵمن، لێیان دەترسم، دەزانی چییان بەسەر هێنام؟! چۆن جارێکی تر پێیان باوەڕ دەکەم؟ باوکم و خاڵەکانم و خزمەکانم هەموویان موجریمن، من ئەو شتە خراپەم کردبێت ئەوان چۆن لێم خۆش دەبن؟
لەم ماوەیەدا خزمێکی سامان سەردانی کردم و پێی گوتم کە سامان دەیەوێ مارەم بکات و داوا دەکات بچمەوە لای، بەڵام سکاڵاکەی لەسەر هەڵبگرم، منیش گوتم من نایەم با ئەو خۆی تەسلیم بکاتەوە، ئینجا من شکاتەکەی لەسەر هەڵدەگرم با مارەم بکات، ئەو خزمەی سامان گوتیشی کە پەرۆشی منیەتی بۆیە بۆی درکاندم کە سامان لە دەوروبەری شارۆچکەی (ش) لەگەڵ ژنەکەی بەنهێنی دەژین و خۆیان شاردۆتەوە!

## بەفێڵ منداڵەکەیان لێ ستاندم

_ پێش ئەوەی بێمە بنکەی چاکسازی، چەند ڕۆژێك لە ماڵی خانزاد مامەوە و لەوێ بووم، دواییش کە لەوێ ڕۆیشتم، ڕۆژێك جەماعەتی ماڵی خانزاد هاتن بەدرۆ منداڵەکەیان لێ ستاندم و گوتیان پاشی دوو ڕۆژی دیکە بۆت دێنینەوە، با لێرە نەبێت، کەچی تا ئێستاش بۆیان نەهێناومەتەوە، لە جیاتی ئەوەی لای من بگرن و دیفاعم لێ بکەن، ئەوانیش غەدری خۆیان لێ کردم و وا جەرگم لە دووری منداڵەکەم دەقرچێ، من لەبەر خۆشەویستی ئەم منداڵەم وام بەسەرهات و سامانیش بەجێی هێشتم، کەچی ماڵی خانزاد هیچ حیسابیان بۆ جەرگم نەکرد و ئەو غەدرە گەورەیان لێ کردم! خۆ مەحکەمە بڕیاری دابوو منداڵەکە تا تەمەنی (18) ساڵی بۆ من بێت و دوای ئەم تەمەنەی خۆی بڕیار بدات بۆ کێ دەبێت، کەچی ماڵی خانزاد بەپێچەوانەی مەحکەمە ئەو ستەمە گەورەیان لێ کردم، ئەگەر تەحەمولی هەموو ئازار و ناخۆشیەکم کردبێت، تەحەمولی دووری منداڵەکەم ناکەم، بەبێ ئەو ناژیم، ئەگەر بۆم نەهێننەوە دەمرم!

## داوای منداڵەکەم دەکەمەوە

_ ئێستا ئەگەر خزمەکانی سامان لێرەم دەربێنن، داوای منداڵەکەم دەکەمەوە و دواتریش داوا لەسامان دەکەم مارەم بکات، کێشەی من تەنها مارەکردنە، ئەگەر سامان مارەم بکات هیچ کێشەیەکم نامێنێت، تەنها دەمەوێ سامان بەمن قایل بێت و بمباتە ماڵەکەی و لەگەڵ خۆی بمژیێنێت.

## پەشیمانم لە رابردووم

_ کەس هێندەی من شێت و بێ عەقڵ نەبووە! هەرگیز تەمبێ نەدەبووم، دەبوایە لە نیوەی ڕێ بگەڕابامەوە و عاقڵ بووبام، بەڵام خەتایەکانیش بەس هی من نیین، بەڵکو خاڵم و نەنکم و سامان و مێردەکەم و ئەوانی دیکەش تاوانبارن، نەدەبوایە هێندەم لەگەڵ خراپ بن.
من منداڵ بووم کە سامانم ناسی و ئەو فێری ژیان و دیتنی



دونیای کردم، پێویستە هەر ئەویش لەگەڵم بێت تا ئەو کاتەی ژیانم کۆتایی دێت، چارەسەری کێشەی من ئەوەیە دووبارە بچمەوە لای سامان و لەگەڵ ئەودا بژیم، چونکە لە تەمەنمدا جگە لەو کەسی دیکەم شك نەبردووە و خۆش نەویستووە.

## پۆزش

بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە لە ژمارە (8)ی کۆواردا لە بابەتی (بێگەرد) چەند جارێك ئاماژەم بەوشەی (سجن) کردووە، من مەبەستم لەوەدا ئەوە نەبووە، کە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان بەبەندیخانە بچوێنین، بەڵکو وشەکە بۆ ئاسانی وەبیرهێناوەی خوێنەرە، کە ئەم بنکەیە لە کۆنەوە زیاتر بەم ناوە ناسراوە. هەروەها وێنەکانی لەم بابەتە بڵاوکرابوونەوە بەهیچ شێوەیەك تەعبیر نەبوون لە ڕەوش و باری ئەوانەی لەم بنکەیە دان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم وێنانە لەلایەن نەخشەسازی (کۆوار) وەك گوزارشت کردنێك لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دانراون و پەیوەندییان بەبنکەی چاکسازییەوە نییە. دەنا ئەم بنکەیە ماڵێکی کارایە بۆ چاکسازی و نزیکەی (400) فەرمانبەری لە پیاو و ئافرەت، لە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونناس و شارەزا لە بواری ئافرەتان و منداڵانی تێدایە، جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکانی لە زۆربەی دەزگاو بنکە حکومییەکان باشترە و حکومەتی کوردستانیش بایەخی تایبەتی پێداوە و لە نزیکەوە چاودێری دەکات. دووبارە ڕێز و سوپاسمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی و بنکەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانی هەولێر.

rebandkhoshnaw@yahoo.com

# بەسەرهاتی سەر سوڕهێنەر

## کاتێك گوێت لە هەندێك چیرۆك دەبێت

ئەمیر ئەحمەد

### مەرگی سکرتێرە

(**بریناتا**) کچێکی زۆر جوانی دەرچووی دانیشگایە، پاش دەسکەوتنی کار، وەك سکرتێرەی بەڕێوەبەری یەکێك لە کۆمپانیاکان دەست بەکار دەبێت، خواپێداوەکە زۆر سەرسام بوو بە جوانیەکەی، چونکە تا بڵێی پڕ نازو فیزو رێك ئەندام بوو، بۆیە داوای لێکرد شەوانە پێکەوە لەگەڵ یەکێك لە شاندەکانی پیاوانی سەرمایەدار بمێننەوە، لە بەرامبەردا پارەیەکی زۆری پێبدا، ئەمیش رەزامەندی ئەنوێنیٚو وا تێئەگات ئەمەش بەشێکە لە کارەکەی. بەڕێوەبەر داوای لێدەکات لە هوتێلەکەدا لەگەڵی بخەوێت، بەڵام کچە رازی نەبوو، لە دواییدا رازی کرد بەو بیانووەی بەپێی عورف مارەی بکات. دواتر دەرکەوت پیاوەکە خاوەن ژنو چوار منداڵە، کۆمپانیاکەشی بەناوی ژنەکەیەتی، بۆیە داوا لە کچەکە دەکات لە سەری بووەستیٚ تاکو دەرفەتی هەبێت بۆ یەکخستنەوەی باری ژیانی. کچەکە مەرجەکانی رەتکردەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەردوام بوون لەسەر پرۆسەی جووتبوون بە شێوەی نهێنیو بە پشت بەستن بەو بەڵگەنامە عورفییەی کە هەیان بوو. رۆژێك لە رۆژان کچەکە سکی پڕدەبێت و سووڕی بێنوێژی رادەوەستێت، پاش چوونە دیدەنی پزیشك دەردەکەویٚ سکی هەیە، کاتێکیش کە زانی سکپڕە، زمانی لاڵ بوو. شەو بەڕێوەبەرەکە کچەکەی بردە لای پزیشکێکی شارەزا لە هێنانە خوارەوەی منداڵو منداڵەکەی بۆ هێنایە خوارەوە، ئەمەش بووە هۆی گیان لەدەست دانی بریناتا، کە هێشتا گوڵێکی بەهاری شێداربوو.

### پەیوەندی لە گەڵ مامۆستا

ئەمەش چیرۆکی سەمیرەیە، کە کچە قوتابیەکی دانیشگابوو، عاشقی مامۆستای خۆی دەبێتو ناچاری دەکات سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشێت، هەستە نووستوەکانی دەروونی دەجوولێنیٚ بەو هیوایەی کە مێردی پیٚ بکات، بۆ ئەوەی هەڵە ناشرینەکانی پیٚ بشارێتەوە، چونکە ئاشکرابوو کە چەندین پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسانی تر ئەنجامداوە. مامۆستایەکەش زۆر خۆشحاڵ بوو بەم نێچیرە بەنرخە. بۆیە ویستی مەرجەکانی خۆی لەسەر ئەو کچە جوانە بسەپێنێت، یەکیٚ لە مەرجەکانی ئەوەبوو کە دەبیٚ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هەبیٚ، یان بە نهێنی مێردی پیٚ بکات، بۆیە رازی بوو بەمەرجیٚ تا پاش دەرچوونی لەکۆلێژ سکی پڕ نەبێت، بەڵام رۆژێك سەمیرە گویٚ بیستی هەواڵی وەستانی دڵی مامۆستاکەی دەبێت، بەمەش دەکەوێتە ناو کێشەیەکی زۆر گران، چونکە لەسەر دەستی مامۆستاکە کچێنی خۆی لەدەست داوە.

### پیاوێك بە بەڵگەنامەی ساختە

ئەمەیان چیرۆکی پیاوێکی عەرەبی دەوڵەمەندە، کە لە بەرامبەر چەندین پەیمانو بەڵێنی درۆ، داوا لە سەماکارێك دەکات کاری سێکسی لەگەڵ بکاو فیلم دروست بکەن. پیاوەکە لەتەمەنی 50 ساڵیدابوو، کچەکەش لە تەمەنی





20 ساڵی. هەرچی کچەکەیە ئەبوایە پیاوەکە چەکێکی بە بڕی 100 سەد هەزار دۆلاری پێ بدا. پیاوەکەش ئەم چەکەی دایی‌و سێکسی لەگەڵ ئەنجام دا، لەناکاو پۆلیسەکان دەیگرن‌و دەردەکەوێ کەچەکەکانیشی ساختەن.

## سەربوردەی کچە هونەرمەندێك

ئەمەشیان بەسەرهاتی کچە هونەرمەندێکی شۆخ‌و شەنگە، کە پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن پارەو ناسراو گرێدەدات تا کرداری سێکسی لەگەڵ ئەنجام بدات، ئەم پەیوەندییە وەك پەیوەندی نیوان ژن‌و مێردێك ماوەی 6 مانگ بەردەوام دەبێ، بەڵام دواتر نەشتەرگەرییێکی بۆ کراو جارێکی تر کرا بە کچ (پەردەیان بۆ دانایەوە). پاشان هاتەوە نێو بواری هونەری بۆ ئەوەی خواستی خۆی لە بواری هونەری پێشکەش بکات. تاکو پیاوانی دەوڵەمەند بخاتە نێو تەڵەکەبازی خۆی تا کرداری سێکسی لەگەڵ دا بکەن.

## پەیوەندی مەرجدار

کچە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ، بە بەڵێننامەیەکی مارەبڕی دەرەوەی یاسا، مێرد بەرۆژنامەنووسێکی ناسراو دەکات، کە لەناو پەرتوکخانە خۆی شاردەوە بۆ ئەوەی لەلایەن پیاوانی لێکۆڵینەوەو پۆلیس ئاشکرا نەبێت، چونکە ئەم پیاوە مێبازە سەرمایەی جۆراو جۆری هەبوو، لەدوایی دا گۆرانیبێژەکە بوو بە سەماکارو بەشداری لە نواندنی فیلم دەکرد. ئەم شێوە پەیوەندییەش بەپێی کرداری سێکسی مەرجدار، هەموو رۆژێ لە تەواوی دونیا لە نێوان کچە جوانەکان‌و بەڕێوەبەرە دەوڵەمەندەکان، یان قوتابیانی کۆلێژو مامۆستایانی زانکۆ دووبارە دەبێتەوە.

## شەوانی خۆشی دوور لە مێرد

گەنجێك دەکەوێتە داوی ئافرەتێکی دەوڵەمەند، ناسیاویی لەگەڵ پەیداکردو چەندین شەوی خۆشی دوور لە مێردەکەی لەگەڵ بردە سەر، ئەویش بەرامبەر بە مەبەلەغێك پارە، کە هیچ تامێکی لە مێردەکەی نەدەکرد. گەنجەکە پاش دوو رۆژ بە تەلەفۆن داوای لە ژنەکە کرد(000 10) دۆلاری بۆ بنێرێت لە پارەی پیاوەکەی، ئەویش پارەکەی پێداو ئۆتۆمۆبێلێکی مۆدێل نوێی پێ کڕی‌و ئێستاش پارەی مێردەکەی لەو سەرف دەکات.

## سزاکانی زینا

خوای گەورە دەفەرمووێت: زینا مەکەن کارێکی خراپە، دوور کەونەوە لە سزاکانی زینا، چونکە لە رووی دەروونی وکۆمەلأیەتی هەست کردن بە شەرمەزاری‌و ئابڕووچوون و پەشیمانی بەدواوەیە.
سزاکانی زینا لە رووی تەندروستیەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین نەخۆشی‌و بڵاوبوونەوەی لەنێو کۆمەڵگادا. شوێنەواری زینا ئەکرێت جیاوازی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دی بگۆڕێت، پیاوێکی ئاقڵ بیکات گوناهی زیاترە لەوەی پیاوێکی نەزان بیکات، یان پیرێك بیکات تا گەنجێك.

# نەبوونی مۆبایل ئەوانی شێت کرد

## ئاگاداربە، لەبەردەم پارکەکان لەنیگا جوانەکان بترسە

گلێنە عەبدوڵلا

**هەرچەندە** هەریەکەیان توانیبووی بگات بە خەونی خۆی، ئەویش گەیشتن بوو بە زانکۆ، بەلاَم نەخۆشییەك ئەوانی پەلکێشی زیندان کرد، تەنها بەهۆی ئەوەی دەیانویست ببنە خاوەنی مۆبایل!. لەپڕێکا پەیوەندییان گرت بە باندێك، کە بە بەهانەی (خۆشەویستی و پەیوەندیگرتن لە یەکەم نیگاوە) تاوانەکانیان ئەنجام دەدا، یان بەو شێوە سۆزداریەوە قوربانییەکانیان دەخستە نێو داو! پێویستە لەکۆتایی ئەو سەربوردەیە بگەیتە ئەنجامی ئەوەی ئاگاداری مامەڵەکردنت بی لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگ و جوانەکان، ئەگەر لەبەر دەرکی یەکێك لە گازینۆیە گەشتوگوزاریەکان، یاخود لەپارکە گشتییەکان بینیتن! گوێی پێمەدە ئەگەر ویستی خۆتت لێ نزیك بکاتەوە و هەوڵی یەکترناسین و دانانی پەیوەندیی سۆزداری لێکردی!.. چونکە ئەوەی بەسەر مامۆستایەکی زانکۆ هات! زەنگێکی خەتەرناك بوو بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پێستی خۆیان بکەن بەئالاَی کچە شۆخەکان، چونکە بەدەردی ئەو دەچن.

زۆرێك لەکچە شۆخە ساختەچییەکان و ژنە دۆڕاوەکان، ئێواران لەبەردەرگای گازینۆیەکان و شوێنە گشتیەکان خۆیان بەجل و بەرگی ئالاَو والاَ نەخشاندووە، بۆنی خۆش خۆش بەدەوروبەردا بلاَودەکەنەوە، ئێشکگری نێچیرێکی چەورن، بە تەماشاکردنیان لەو شوێنانە و چاوگێڕانیان لە ئۆتۆمبێلە جوان و نوێیەکان، کە کەسانێکی ڕێکپۆش لێیان دادەبەزن، تا بەهۆی نیگا سیحراویەکانیان بیخەنە تەڵەوە. ئەویش بە چاوچاوانێکی تایبەت، کە لەسەرەتادا گۆڕینەوەی نیگای بەردەوام و قسەکردن بەزمانی چاوە، کە هەر تەنها هاوەلاَنی عیشقبازی لەو زمانە خۆشە تێدەگەن. هەر لەڕێگەی چاوەکانەوە بۆندێك مۆردەکەن کە لە ژوورەوە ڕێگایەکی زۆر دوور کورت دەکاتەوە بۆ بەستنی پەیوەندییەکی شووم. ئەوەش دەبێتە ئەنجامی دانشتنێکی پڕ لە بزەو نوکتەو هەڵنەستان و بەجێنەهێشتنی ئەو شوێن و کاتە زێڕینە، تا پەیوەندیەکەیان بەکەنارێکی ئارام ئەگەیێنن و ژوانێك دوور لە چاوەکانی تر، جێژوان لەشوێنێکی تایبەتی کابرا دەوڵەمەندەکە، ژوانێکی پڕ لەتێرکردنی هەست دانەمەزرێنن، هەر لەکاتژمێرەکانی سەرەتایی یەکترناسین.





دوو کچە تاوانبارەکە....



## تەڵەکە

قەرەباڵغی شەقامەکانی پایتەخت بێزاری بە ڕووی ئەودا داگرتبوو، دیمەنی ئاوابوونی خۆر وایان لەخاوەن ئۆتۆمبێلە جوانەکە کرد، لە بەردەم یەکێك لە پارکی گازینۆیەکان لابدات، کە پیاوێکی تەمەن نزیك پەنجا ساڵیی و بە بەدلەیەکی جوانەوە ( کە ڕەنگ و ڕووی دەوڵەمەندی ئەویان نیشان دەداو.. تەمەنیشی ببووە هۆی دەربازبوونی لەناو قەرەباڵغی شەقامەکان..) لێی هاتە خوارەوە. هەر لەگەڵ دانانی یەکەمین هەنگاوی لەسەر زەوی، هەستی بە نیگای دوو کچە جوانەکە کرد، کە لەدوورەوە سەیرەیان لێگرتبوو، بۆیە ئەویش یەکراست دەستی بە گۆڕینەوەی نیگا لەگەڵ ئەو دوو کچە شۆخە کرد. پاش چوونە ژوورەوەشی بۆ گازینۆیەکە، دوو کچەکە بەدوایدا ڕۆیشتن و لەمێزی تەنیشت ئەوەوە پێکەنین و نیگایەکی سیحراوییان لەگەڵ مامۆستایەکە دەگۆڕییەوە. ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەوانیش بووە هۆی ئازایەتی پەیداکردنی لای پیاوەکەوە، هەنگاوی بەرەو مێزی ئەوان نا و داوای ڕووخسەتی لێکردن، سەرەتای قسەکانیشی بەوەوە دەست پێکرد، کە ئەو یەکێك لەوانی پێشتر لەشوێنێك بینووەو دەیناسێتەوە، تا بەو هۆیەوە درێژە بەقسە خۆشەکانی بدات. ئەو گفتوگۆیانەیان بووە هۆی ئەوەی دوو پاکیزەکە داوای لێبکەن بەیەکەوە دابنیشن و ئەویش داوای یەکترناسینێکی قووڵی لەوان کرد. ئەو ئێوارەیە تا درەنگانێك پیاوە بەستەزمانەکە لەنێو عیشوەو شۆخ و شەنگی ئەو جوانانە غەرق ببوو، چەندین خواردنی گرانبەهای لەگەڵ پێکەنینەکانی ئەوان دەگۆڕییەوە. لەکاتی هەستانیش ئەو داوای درێژەدان بەو یەکترناسینەیانی لێ کردن و ژوانێکیان بۆ ڕۆژی دواتر لەشوققەی تایبەتی ئەو دانا، تا بەیەکەوە چەند ساتێکی خۆش بەرنەسەر!.

بە ئۆتۆمبێلە گرانبەهایەکەی گەیاندنییە بەر بەشی ناوخۆیی و ئەو بەدونیایەك خەیاڵاتەوە هەنگاوەکانی بەرەو ماڵ و سەر سەرین دەهاژۆت، لەبیری ژوانی بەیانیدا بوو!.

لەو ڕۆژە دڵڕاوکێ و ڕاڕایی خەریکی لەناوبردن و تواندنەوەی بوون، بەردەوام چاوی بەلای سەعاتەکەی دەوروبەری دەگێڕا، لەگەڵ هەر چرکەساتێك دونیایەك خەیاڵ و خۆزگەی جوان و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەو جەستە جوانانە بەمێشکیدا دەیانگوزەراند. لەکۆتایی زەردەیەکی پڕ لەحەز، لێوەکانی ئەویان تەڕکردەوە، خەونەکەی هاتە دی.. ڕاڕایی بەجێی هێشت.. ژوور بە ژووری خانووەکەی بەو دوو شۆخە کردو لەبەردەم تابلۆ نەخشینەکانی شوقەکەی ڕایدەگرتن و جوانیەکانی خۆی نیشان دەدان. لەگەڵ خستنە سەری کاسێتە کلاسیکیەکە، کە دەنگی مۆسیقایەکی پڕ لەجۆش و خرۆشی لێوەدەهات، هاوڕێ لەگەڵ سەما دڵ سووتێنەکەی کچەکان، کە ئەو تاکو ئێستاش چاوچاوانێیان لەگەڵ دەکات و ئەوانیش زۆر بەکەمی چاوەکانیان بەرەو لایەکی تر دەبەن. دواتر داوای دانیشتنی لەهەردووکیان کرد، تاکو دەست بەدەست بازی بکەن، بەڵام ئەوان لەو جۆرە یارییانە زۆر شارەزابوون و بەردەوام بوون لەسەر سەمایەکەیان، تا ئەو پتر پڕ جۆش بکەن و هەستەکانی وەك بورکان بتەقنەوە.

## فێڵبازی

وای هەست کرد، کە کاتە گەرمەکە داهات، ئەو لەنێو دەریای جوانی و عیشق ون ببوو، لەخەیاڵدان دابوو، نەها یەکێك ئەوی پچڕاندو پێی گوت: چایەك دەخۆیەوە؟

ئەوپیاوە لەپێناو خواردنەوەی تاکە شلەمەنییەك بەدەستی ئەوان شێت ببوو، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی وەڵامێکی بە (ئا)ی بداتەوە. ئەویش کوپێك چای بۆ هێناو لەگەڵ خواردنەوەی مامۆستایەکەی زانکۆ، دوای سەرسووڕانێك کەوتە خەونێکی قووڵەوە. هەر کە هەڵستایەوە ژوورێکی چۆلی بینی، بەتاڵ لەو هەموو عیشوەو جوانیەی پێشوو. هەرکە بە ژوورەکانی داگەڕایەوە هیچی بۆ نەدۆزرایەوە لەو شتە جوانانەی پێش لەخەوڕاچوونی، وەك حۆری بەردەمی دەهاتن و دەچوون، بەدوای مۆبایلەکەدا گەڕا، بەڵام نەمابوو، دوای گەڕان بۆی دەرکەوت، کە 1400دۆلاری ئەمەریکیشیان لێدزیوە.

دوای لێکۆڵینەوە، پۆلیس بۆیان دەرکەوت ئەو دوو کچە فێڵیان لەو کردووە، بە تێکردنی هەندێك ماددەی بێهۆشکەر ئەویان لەهۆش خۆی بردووە، هەر لە سەرەتاشەوە ئەوە فێڵەکەیان بووە. دوای پشکنین و لێکۆڵینەوەی بەردەوامی پۆلیس، ئەوانییان لەبەردەم پارکێکی تر دۆزییەوە، کە لەچاوەڕوانی قوربانییەکی تر بوون. دوای قسە لەگەڵ کردنیان بۆیان دەرکەوت، کە ئەوان فێڵیان لە مامۆستایەکە کردووە، ئەوانیش چونکە لەنێو هاوڕێیەکانیاندا هەستیان بەکەمی خۆیان دەکرد لە نەبوونی مۆبایل و بۆ ئەو پارەیەش کە مۆبایلی پێبکڕن ئەو فێڵەیان لە مامۆستا کرد!.

*لە ئینتەرنێتەوە.

# ( یولیا )ی یازده سالان، قوربانی دەستدرێژی سێکسی

حەسیب ئەدیب زاخۆیی / ئەڵمانیا

**لە** تەمەنێکی منالێدا، کە تازە یازدە بەهاری تێپەڕاندووە، هێشتا لە دونیای پاکی و پڕ بەرائەتی مندالی، ئەم بەدیار فیلمی کارتۆن و بەرنامەی مندالان، لەبەردەم شاشەی تیڤیدا هەڵدەترووشکێ، هێشتا وەك دەڵێن تامی شیری خاوی لەدەم دیّ و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، بەدەم خوێندن و حۆڵلانێ رۆژ بەسەر دەبات، کەچی دەبێت لەم رۆژانە سکی (حەمل)ی دابنیّ، ئەو سکەی بێ ویستی خۆی، بێ وادەو بێ رەزامەندی خۆی پڕ بووە، لەکەسێك کە پێنج بەرابەر تەمەنی ئەو تەمەنیەتی، کەسێك کە بە باپیرە گەورەی ئەو دەشیّ.

ئەم چیرۆکە نەك هەر واقیعی، بەڵکو هەموان لەئاست تاوانەکەیدا دەتاسێنیّ و خەمێك داماندەگریّ، خەمی بە قوربانی کردنی ئەو تازە خونچانەی دەسخەرۆی حەزی چلێس و داوێن پیسی کەسانێك دەبن، کە خالێن لەرەوشت و سۆزو عورف و نەریتەکان، ئەو چیرۆکەتاوانە لە شوێنێکدا روویداوە، کە ناگاهان و نادیدان هەمیشە تەپڵی بانگەشەی



پێشکەوتن و ئازادی و مافی مندال و ژن و مافی مرۆڤی تێدا دەکوتن، ئەویش ئەڵمانیای هەرە پێشکەوتووی ئەوروپایە.

(یولیا julia)، کچێکی یازدە ساڵەی بەدبەختی هەژاری، شاری (سالتس ویدیل saltzwedel)ە، کە لەئەیالەتی (ساخسن ئانهالت -sachsen anhalt) لەئەڵمانیا هاتۆتە دونیا، تەمەنی تەنها یازدە ساڵەو لەگەڵ دوو خوشك و دایکە کۆست کەوتووەکەی هەتیوو بێ سەرپەرشت ماونەتەوە، ئەو کچە بەدبەختە، کە لەمانگی تەمموزی ئەمساڵ ژانە سك دەیگریّ و هەست بە ئازارەکانی سك دەکات، دوای ئەوەی دەیبەنە لای پزیشکی تایبەت و پشکنینی بۆ دەکەن، ئەنجامی پشکنینەکە دەریدەخا کە (یولیا) سکپڕەو سکیشی (چوار مانگ)ەیە، دایکی یولیا خاتوو (هایکیّ. ر heike.r )ی تەمەن (35 ساڵە)، دوای مردنی مێردەکەی (پیتەر. گ peter.g )ی تەمەن (44 ساڵە)، لەساڵی 1998 ، ئەو کاتەی کە یولیا تەمەنی تەنها(3ساڵە) بووە، باوکەکەی لە دایکی یولیا جیادەبێتەوەو لەرۆژێکی سێشەممە، لەپشت بارێکی قومارو مەشروب فرۆشی، لاشە بێ گیانەکەی دەدۆزرێتەوە، سەرەنجام یولیاو دوو خوشکی دیکەی لەم گەورەتر، کە تەمەنیان (13،14)سالانە، بێ سەرپەرشت و بێ نەوا، دەکەونە دەستی ئەم و ئەووخەڵکی نەناسیاو وەخۆیان دەگرن و بەخێویان دەکەن، دایکەکەشیان لەدوای بێوەژن بوونی، دەستەبرایەکی (50ساڵە) بەناوی ( ویلی.ب. willy.b ) بۆ سێبووری خۆی دەگریّ، بەلام پیرەی چلێس، وێرای سواربوونی دایکەکەی، مرخی خۆی لە (یولیا)ی یازدە سالان خۆش دەکاو چەندین جار لەگەڵی جووت دەبیّ، لەو جووت بوون و ئەنجامدانی کرداری سێکسە، کچەی بەستەزمان منالی وە سك دەکەویّ و دووگیان دەبیّ. ئێستا کە یولیا سکی چوار مانگانەو لەنەخۆشخانەی ( ئالت مارك – کلینیکوم. Altmark-klinikum) نەشتەرگەری بۆ کراوەو کۆرپەلە چوار مانگییەکەی لەبەر بردرا، (ویلی.ب) پیرەی چلێسی دەستدرێژیکاریش لە( 1/ی ئاب)ی ئەمساڵ، بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی لەگەڵ مندالان، لەلایەن دادگای بالای تاوانی سێکسی لەگەڵ مندالان، خرایە بەندیخانە.

(دکتۆر. ستیفان رۆت. Dr.stefan.roth) لە وەلامی پرسیارێکی تایبەت بە (کۆوار)، کە ئایا یولیا وەك دایکێك دەتوانیّ منالەکەی بە زیندوویی ببیّ و بیبینیّ، گوتی: حالەتی یولیا حالەتێکی زۆر ترسناکە، ئەم مندالە دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو تووشی سکپڕی بووە، بۆیە دەبیّ هەرچی زووە سکی پیّ دابنریّ و لەبەری بریّ، دەنا کچەکە بە مندالبوونی ئاسایی تووشی نەخۆشی دەروونی( سایکۆلۆژی) دەبیّ، هەرچی دایکی یولیاشە، ئەوا ئەویش گیرۆدەی نەخۆشی دەروونی هاتووەو کەوتۆتە نەخۆشخانەو رۆژەکانی دوایی تەمەنی بەدەم نەخۆشی، لەنەخۆشخانە بەریّ دەکات.

ماوەتەوە بلێین، کەوا دادگای بالای تاوانەکانی سێکس لەگەڵ مندالان لە ئەڵمانیا رایگەیاندووە، کە تاوانکار (ویلی. ب) دەستەبرای دایکی یولیا، بەتاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر یولیاو سکپڕکردنی بە (15 ساڵ)بەندیی، حوکم دەدریّ و لە کونجی بەندیخانە دەئاخنریّ.

ئەم چیرۆکە، کە لەم سەردەمەدا وێڕای پێشکەوتنی کۆمەڵگای بەشەری، کەچی وێنەی هاوچەشنی ئەو تراژیدیایە هێند زۆرو لە ژمارە نەهاتوون، کە خەریکە سەرزەمینی ئاوەدان بە زانست و تەکنەلۆجیا، نوقمی تاوان و تاریکی دەکات، نیشانگەلی گەنیوبوونی شارستانی سەرزەوی و بەکۆتا هاتنی ژیان، رۆژ دوای رۆژ وەك قارچك سەردەردێنن، نەخۆشیە دەروونییەکان و ئایدز، چەکی ناوەکی و ئەتۆمی و هایدرۆجینی و جەرسۆمی، زوڵم و زۆریی و کوشتنی دەستەجەمعیی و بێدادیی، هەلاوسانی ئابووریی و رووداوە سروشتییەکان، هەر لە گڕکان و زەمین لەرزەو باوبارانی تسۆنامی و وشکەسالی و تۆفان و دیاردەی گیرانی مانگ وخۆر، تەنها شتێکیان کە لێبخوێندرێتەوە، تەقینەوەو پێکدادانی شارستانیەتەکان و لەبەین بردن و سڕینەوەی مرۆڤایەتییە.

تێبینی: پۆلیسی دادگا ئامادەنەبوو وێنەی کەتنکارو قوربانیەکە بداتە دەست و بلاوبکرێتەوە، ئەم وێنەیەی داندراویشە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

دارشتنەوەی : حوسێن مستەفا

تشرینی یەکەم
2006